# روانینێك لە پەنجەرەی شیعرەوە

سەدیق سەعید رواندزی

چاپی یەكەم
كوردستان/ هەولێر
2011



لەبڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی فیكریی‌و ئەدەبی نما
زنجیرەی( 115)

سەرپەرشتیكردنی پرۆژەی چاپی كتێب
ئیسماعیل كوردە، رێبین رەسوڵ

ناوی كتێب بەكوردی: روانینێك لە پەنجەرەی شیعرەوە
نووسەر: سەدیق سەعید رواندزی
ژانر، ئەدەب/ خوێندنەوەی شیعر
دیزایین: نما
بەرگ: سەركەوت وەلی
تیراژ: 500
چاپ: چاپخانەی شەهاب
چاپی یەكەم: كوردستان/ هەولێر 2011
نرخ: 1500 دینارە
مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە
لە بەرێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەكان ژمارەی ساردنی" 751" 2011ی پێدراوە.

## سوپاس‌و پێزانین

*بۆهاوڕێی خۆشەویستم(ئیسماعیل کوردە)و سەنتەری (نما) کە بە سنگ فراوانیەکی زۆرەوە دووەمین بەرهەمی منە چاپی دەکەن‌و هەمیشە لە خزمەت شارەکەی دایە. . .

*هاوڕێی ئازیزم(یاسین برایم) کە سەرجەم وتارەکانی منی لای خۆی ئەرشیف کردبوون‌و بۆی کۆکردبوومەوە. بەراستی ئەم هاوڕێیە هەمیشە لە خزمەت رواندزورۆشنبیرەکانی شاردایە. هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازم. . .



## ناوەڕۆك

- **لە بڕی پێشەکی**.....................................5
- **ڕەنگدانەوەی خاك لەشیعری کوردیدا**...............6
- **ڕەهەندی سۆسیۆلۆژی لە شیعری بێکەسدا**...........15
- **عشق وخوێن لە قە سیدەی ( بەڵقیس )دا**............22
- **جاویدان بوونی روح‌و شکستهێنان بەمەرگ**.........30
**خوێنەوەیەك بۆ شیعرێکی شەهید (مەلاعلی)**
- **وشەو دەربرینەکان لە کۆ شیعری**..................39
"شەلاڵم بە عەتری ئێوارە"

## له برى پێشەكی

خوێنەری بەرێز:   ئەم چەند لێکۆڵینەوانەی لە دوو توێی ئەو کتێبەدانە،بە شێکی کەمن لە بژاردەی چەندین وتاری دیکەی ئەدەبی کەلەماوەی ئەمساڵدا لە رۆژنامەکاندا،بڵاوبونەتەوە. وەلێ من تەنیا ئەوانەم هەڵبژارد کە بشێن کۆبکرێنەوە لە بەرهەمێکداو چاپ بکرێن،بەو هیوایەم سوودێکی بچوکم بە خوێنەران گەیاندبێت. لێرەوەش دەمەوێت سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە رابکێشم کە لە نووسینی ئەو بابەتانەدا بە هیچ شێوەیەك سە رچاوە بەکار نەهاتوە. دیارە ئەمەش سروشتێکی منە لە نووسینداو ئەوەندەی مەبەستمە لە روانگەو دنیابینی خۆم وەك خوێنەرێك دەقەکان بخوێنمەوەوشرۆڤە بکەم،ئەوەندە بەلامەوە گرنگ نییە بگەرێمەوە بۆ بۆچوونی کەسانی تر. چونکە بروام وایە لەخوێنەوەی دەقێکدا ئەگەر دەیان سەرچاوە بەکارهات،ئەوسا بۆچوونەکانی رەخنەگر لە هەڵسەنگاندنو خوێنەوەی دەقەکە   دەکەونە کوێوە؟ رەنگە هەرئەمەش بێت وابکات کە ئەو لێکۆڵینەوانە تا ئەندازەیەك لە رووی گوتارو ناوەرۆکەوە لە یەکتر نزیکبن. بەو هیوایەم سوودێکم بە خوێنەر گەیاندبێت. . .

سەدیق سەعید رواندزی/ رواندز هاوینی 2011



## رەنگدانەوەی خاك لەشیعری کوردیدا

شوێن ئەوپانتایە جوگرافیوسروشتیە دیاریکراوەیە، کەپەیوەندیەکی پتەوی بەژیانی بونەوەرەکانەوە هەیەوبەبێ ئەم رەگەزە ژیان هیچ ماناو پانتایەکی نامێنێ. لێرەوەش دەکرێ بڵێین مێژووی شوێن وەك رەگەزو پێکهاتەیەکی سروشتی بەر لەمێژووی مرۆڤ بووە. کاتێ شوێنیش دەبێتە پێکهێنەرو تەواوکەری ژیانی بونەوەرەکانو مرۆڤ بەتایبەتی، ئیدی پەیوەندیەکی روحیو ژینالۆژی لەنێوان ئەورەگەزەو مرۆڤ دروست دەبێتو دواجاریش بەشێوەیەکی کاریگەر لەفۆرمی ژیانیدا رەنگ دەداتەوە وکاریگەریەتی بەسەر هەستو روانینی جێدێلێ.

لەدەرەوەی شوێندا، دەشێ ژیان ئەو ئاستە جەوهەریو پیرۆزیەی خۆی بدۆرێنێ،هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نا، کەتێکرای بەهاکانی تر بوونیان نەمێنێ، وەلێ شوێن یەکێ لەبەها گرنگو رەمزیەکان بەمرۆڤ دەدات کەئەویش بەهاوشوناسی نیشتمانپەروەریە. شوێن پەیوەندیەکی روحیو کلتوری بەژیانی مرۆڤەوە هەیە. گەرچی کاتێ زۆرجار نیشتمان پردەبێ لەمەرگدۆستی،ئەو پەیوەندیە بەرەو لاوازی دەچێتو نیشتمان لەوێنەی راستەقینەی خۆی دوور دەکەوێتەوە کەئەمیش پانتایەك بێت بۆهێمنیو خۆشگوزەرانی ژیان. ئەوپەیوەندیە روحیەی نێوان نیشتمانو کەسەکان، زۆرترلەلایەن مرۆڤی پەناهەندەو تاراوگەکراوی ئێمەوە هەستی پێدەکرێ. چونکە لەناخو جیهانبینی کەسی نامۆو تاراوگەکراو هەمیشە هەستێك زاڵە کەئەویش سۆزی گەرانەوەیە بۆزێدی رەسەنوشوێنی پێشوو. مرۆڤی تاراوگەکراو گەرتارادەیەك بەهامادیەکانی دەست کەوتبێت لەتاراوگە ئەوانە یتوانیوە ژدێلی بەها روحیو سیمبولیەکانی تر بکاتەوە. بەدەربرینێکی تر شوێن لەمەنفادا بەهیچ شێوەیەك نابێتە ئەلتەرناتیڤی شوێنی راستەقینەی

کەسی تاراوگەکراو. بەپێچەوانەوە هەمیشە هەست دەکات لەشوێنێکی بێ شوێن دەژیت. پەیوەست بوون بۆ شوێن هەمیشە هەستێکی سۆسیۆلۆژیو سایکۆلۆژی تاك بوەو بەگوێرەی شوێنکاتەوە لەرووی دەربرینو کاریگەریەتیەوە گۆڕانی بەسەر داهاتوە، وەلێ هەموو کاتێك لەناخی هەر یەکێکماندا سۆزێك زاڵە ئەمیش فەنتازیای گەرانەوەیە بۆ زێدو شوێنی رەسەنی خۆی، زۆرکاتیش ئەوشوێنە لەپانتایەکی گەورەدا خۆی بەرجەستە دەکات وەك نیشتمان دواتر لەنێو خودی نیشتمانیشدا لەپانتایەکی بچوکتر کەشارە یاخود دێیە.

شوێن لای مرۆڤی کورد گرنگیو پیرۆزیو تایبەتی خۆی هەیە تارادەی قوربانیدان لەپێناوی بەهەموبەهاکانی ژیان،رەنگە ئەم پەیوەندیە روحیو ژینالۆژیە لەوێوە سەرچاوەبگرێت کەئێمە وەك نەتەوەیەك تاکوئێستا خاوەنی خاكونیشتمانێکی ئازاد نین. بۆیەشە رقی گەورەی ئێمە لەدوژمنانمان لەپاڵ فاکتەرەکانی تر لەوێوە دەست پێدەکات کە خاکمانیان لێ زەوت کردووینو داگیریان کردوە،لەبەرامبەر ئەمەشدا دوژمنانی کورد هەمیشە هەوڵی لەناوبردنی ئەو پەیوەندیەو پچرانی ئەورایەڵانەی داوە کە لەروحەوە مرۆڤی ئێمە بەخاکەکەی دەبەستێتەوە، چونکە بەسڕینەوەو هەڵتەکاندنی ئەو پەیوەندیە دوژمن یەکێ لەرەگەزە هەرەکاریگەرەکانی نەتەوەیی بوون هەرەس پێدێنێ کەئەمیش هەستی نیشتمان پەروەریە لەناخوهزری تاکەکاندا. بۆیە هیچ سەیر نیە کەدەبینین بەعس لەپاڵ کوشتنو جینۆسایدکردنی مرۆڤەکان هەوڵی تێکدانو شێواندنی جوگرافیای کوردو بونیادی سروشتی خاکەکەی دەدا.

بێگومان لەدنیابینی مرۆڤی کورددا، شوێن هەر تەنها رەهەندێکی سروشتی نیە، بەڵکو رەهەندێکی سیاسیو سایکۆلۆژیشی هەیە. بەدەربرینێکی ترئەگەر شوێن بۆ کەسانێکی تر هەرتەنها پانتاییو زەمینەیەکی جوگرافی بێت کەتیایدا لێیەوە گوزەر دەکەنو دەژین،ئەوا لای مرۆڤی کورد ناسنامەوشوناسی بونیەتی ودیارترین ئەو خاسیەتەیە



کەبەهۆیەوە دەتوانێت لەکەسانیتر خۆی جیابکاتەوە وەك ئەوەی لە ناسنامەی کوردو ستانیبوونی مرۆڤەکانەوە دەیبینین. بۆیەشە شانازیکردنی مرۆڤی کورد بەشوێنەکەی بەئەندازەیەکە کەئامادەی هەموجۆرە قوربانیدانو خۆبەختکاریەکی هەیە تەنانەت بەروحی خۆشی،کەم نەبون ئەوانەی لەمێژووشدا پەتی سێدارەیان هەڵبژارد تەنیا لەپێناو ئەوەی دەست بەرداری خاکەکەیان نەبن. هەمیشە مرۆڤی کورد (زەرەیەك خاکی وەتەنی نەداوە ) بەقەسری قەیسەری.

بێگومان خاك وەك رەگەزێك رەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەیە لەهزرو دنیابینی مرۆڤی کورد، دیارە مەبەستیشمان لەخاك بەدیاریکراوی خاکی کوردستانە کەبە بەردەوامی لەتێکستی ئەدەبی بەگشتیو لەنێویشیاندا شیعر بەتایبەتی دەبینرێت کەهەمیشە دەلالەتی لەخاكو بێشوێنیو نیشتمان کردوە، تا ئەو رادەیەیی چەند لەخاكو نیشتمان دابرابێت ئەوەندەش ناسۆریو خەفەتی قول دایگرتوە، ئەوەتانێ نالی بەهۆی چەمکی دابرانو دورکەوتنەوە لەنیشتمان وزێدی رەسەنی خۆی قوربانی خاكو خۆڵی شارەزوور دەبێتو لەغەریبیەوە سۆزی گەرانەوە دایئەگرێت بۆنیشتمان.

بێگومان وەك باسمان کرد پەیوەندی مرۆڤی کورد بەخاکەکەی لەپاڵ پەیوەندیەکی سروشتی، سیاسیو سایکۆلۆژیشە، ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو هەستی خۆ بەبێ نیشتمان زانینە لەئاستی بونو ژیاندا، چونکە ئەگەر نیشتمان نەبووهیچ ماکێکی دیکەی ژیان بونیان نابێت، بۆیەشە ئەوەندەی دەی مرۆڤی کورد بەلایەوە گرنگە بستێك شوێنی ئازادی هەبێت، ئەوەندە بەلایەوە گرنگ نیە چۆن دەژیت،ئەوەتانێ شاعیر دەڵێ:

**هەرچیم هەیە. . هەمووی مەزاد**
**بۆپارچەیێ پەرۆی سادە ...**
**هەڵدرابێ لەسەر بستێ زەوی ئازاد. . . ***

چۆنیەتی ژیانی مرۆڤی کورد لەوەدانیە،چۆن دەژیت بەقەد ئەوەی بەلایەوە گرنگە لەچ شوێنێك دەژیت وەلێ شوێنێك کەدواجار یەکێ لە

لایەنە هەرە پیرۆزەکانی ژیانی تێدابێت کەئەویش ئازادیە،ئازادیش بێبونی خاکێکی رەسەنو راستەقینەی خودی مرۆڤەکان بوونی نابێت کەواتە خاك دواجارئەو شوێنەیەیە کەدەبێتە سەرەتاو زەمینەی پێدانی شوناسەکانیتر بە مرۆڤی ئێمە. بەدەربرینێکی تر خاك ناسنامەوبونی ژیان بەئێمەدەدات بۆیەشە کەخاکمان نەبوو مانای وایە ژیانو ئازادیمان نابێت،لێرەوەش ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین هیچ شتێك هێندەی بێ خاکیو نیشتمانی مرۆڤ توشی غەریبی گەورەناکات لەژیان، خۆبەغەریب زانی مرۆڤ لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە بستێك شوێنی شك نەبرد بەئازادی تیایدا هەناسەبدات،هەموو زەمین هی مرۆڤ بێت بەلاّم کە شوێنو خاکی خۆی نەبوو، وەك ئەوە وایە هیچی نەبێت. شاعیر دەڵێ:

**ژینێکی ترم خەلاّت کە خوایە**
**باکورت بێ وەك هی گوڵو پەروانە**
**بەهەر بستە عەردێ من قنیات دەکەم**
**بەلاّم تیای نەژیم وەکو بێگانە**. .

ئەو نوستالۆژیایەو سۆزی گەرانەوەی لەگوتاری شیعری شاعیرانی ئێمە بەگشتی دەبینرێت بۆنیشتمان لە ئاوارەییدا،پەیوەندی بەو بێخاکیو نیشتمانیەوە هەیە کە هەمیشە لەدنیابینی ئێمەدا ئامادەگی هەیە، چونکە دابڕان هەمیشە هەڵگری گوتارێکە کەئەویش گوتاری گەرانەوەیە بۆ زێدی رەسەنو راستەقینەی پێشووتر بە هەموو جوانیوناشرینیەکانیەوە.تەنانەت ئەگەر لەئاستی ژیاریشدا شوێنی دووەم ئستاتیکی تر بێت لە شوێنی رەسەنو دایك ئەوا هیچ بەهایەکی نیە لای مرۆڤی کورد چونکە هەمیشە وەك غەوارەیەك خۆی دەبینێت، لێرەوەش دەبینین بەردەوام مرۆڤی کورد لەدەرەوەی زێدی خۆی هەمیشە دەیەوێت غەریبانە وێنای خۆی بکاتو دەکەوێتە خەیالێ بیرکردنەوەو گەرانەوە بۆ شوێنی پێشوتر.لەئێستادا بەدەگمەن دەقێکی شیعری دەبینین لە مەنفادا نوسرابێتو هەڵگری گوتاری گەرانەوە نەبێت بۆنیشتمان. نیشتمانێك کەبۆشاعیر شوێنگەی جوانیو



یادەوەریەکانە.غەریبی شاعیری کورد لە ئاوارەییدا لەهەموو سەردەمەکان،لەسۆنگەی ئەوە نیە کەکۆچی کردوە،بەڵکو لەو روانگەیەوەیە کەنیشتمانی جێهێشتوە،ئەگەر تەنانەت ئەو جێهێشتنە ویستی خۆشی بێت. بۆشاعیر ئەوە گرنگ نیە لەشوێنی دوەمی خۆی چی هەیەو چی نیە، دیمەنی جوانو سەرنج راکێش دەبینێ یان نا چونکە ئەوانە هیچیان بەروحی ئەو ئاشنا نینوهیچیان رۆشناییو سوکنایی بەدڵی ئەو نابەخشن بەڵکو ئەوە گرنگە بەخەیاڵیش بێت تاوێ بگەرێتەوە نیشتمانو جارێکی تر ئاوێزانی سروشتو یادەوەریە جێماوەکانی خۆی بێتەوە وبۆنی ئەو خاکە هەڵمژێت کەلێیەوە هاتۆتەبوون.چونکە ئازاری هیچ برینێك بەقەد ئازاری دابڕان لە نیشتمان سەختو دژوارو پڕ ئازار نیە. چ شتێك بەقەد غەریبی کوشندەیە بۆمرۆڤ. هیچ هەستێك وەکو هەستی غەریبی لەناخەوە مرۆڤەکان هەپرون بەهەپرون ناکات. دورکەوتنەوە لەنیشتمان زامێکە بەهیچ شتێك سارێژ نابێت جگە لەگەرانەوە نەبێ بۆ خودی نیشتمان خۆی، شاعیر دەڵێ:

**مەنفا کوا ولاّتی منە**. . . . .
**من**. . .
**بیری باوەشی دایکم دەکەم*****. . . .

دایك لەو دەربرینە شیعریەدا تەنها یەك مەدلولی شیعری هەیە ئەویش، نیشتمانە واتە دایك هێندەی مەبەست تیایدا خاکی پیرۆزی کوردستانە مەبەست لەودایکە ئاسایە نیە کە پەیوەندی کۆمەلاّیەتی بە ئێمەوە هەیە. گەرچی دەکرێ لەوروانگەیەشەوە تەماشا بکرێت.خاك لەودەربرینە شیعریەدا ئاستێکی هێندە بەرزو پیرۆزی دراوەتێ کەهاوتا کراوە بە دایك.هیچ شتیك بەقەد ئامێزی دایك پڕ نیە لەسۆزو میهرەبانی. بۆیەشە لەدنیابینی شاعیرانی ئێمە بەگشتی داهەمیشە نیشتمان ئەودایکە میهرەبانەیە کەئامێزمان بۆدەکاتەوە. بێ نیشتمان ئێمە هەموومان هەتیوێکین کەس باوەشمان بۆناکاتەوە وهەریەکەمان پەراگەندەی شوێنێکین. گەرچی زۆرجاریش ئێمە بێوەفابووینەو پشتمان کردۆتە ئەو دایکەو

سەرەرۆیانە بێ ماڵئاوایی جێمان هێشتوە، بەلاّم ئاخۆ لەغەریبیشدا بیری ناکەینو تاسەی ئەوەمان نیە جارێکی تر باوەشی پیادا بکەینەوە، شاعیر دەڵێ:

**ئەگەر ئەمجارە. . بێمەوە**

**دار. . بەرد. . . گڕ. . . قوڕ. . .**

**چیم بێتە ڕێ... دەیلێسمەوە... ئاخ بەس ئەمجارە بێمەوە... ****!!**

لەچوارچێوەی ئەودەربرینە شیعریەدا، نوستالۆژیایەکی قوڵو کاریگەر دەبینین بۆخاكو نیشتمان. شاعیر کەخۆزگەی گەرانەوە دەخوازێت ئەوندە تاسەی بینینەوەی نیشتمانی هەیە تائەورادەیەیی ئامادەیە داروبەردی نیشتمانیش بلێسێتەوە.دەشێ لەو وێنە شیعریەدا لوتکەی پەیوەندی ژینالۆژی نێوان مرۆڤی کوردو خاکەکەی ببینین. لەکۆی بونیادی ئەو دەقە شیعریەدا، ئەوەندەی خاك وەك وێنەیەکی شیعری بەرجەستە کراوکاری لەسەر کراوە ئەوەندە بنەماکانی دیکەی ژیان نیشان نەدراون. بەدەربرینێکی ترشاعیر لە خەیاڵەکانی گەرانەوەیدا بەرلەوەی خۆزگەی بینینەوەی دایك یاهاوڕێ یا هەر خۆشەویستێکی تری بخوازێت،خۆزگەی شادبونەوە بەنیشتمان دەخوازێت.لەراستیدا بونیادی ئەودەقە شیعریە هەڵگری گوتارێکە راستەوخۆ پێمان دەڵێت کەشوێنی دووەم کەدەشێ مرۆڤ بەئارەزوومەندانەش هەڵیبژێرێت هەرگیز نابێتە جێگرەوەی شوێنی یەکەم لەدنیابینیو تێروانینی مرۆڤدا. ئەگەر شوێنگەو ساتی نووسینی ئەودەقە شیعریە لەوکاتدا لەبەرچاوبگرینو هاوتای بکەین بەزەمینەو شوێنی کوردستان، دەبینین شوێنی دووەم بە هەموو پێوەرەکانەوە لەپێشەوەی شوێنی یەکەمە. لەراستیدا ئەو شیعرە کەتێکستێکی درێژە لە(مۆسکۆ) نووسراوە. کەچی دەبینین شاعیر هەموو جوانیەکانی ئەو شارە وەلاوە دەنێتوجارێکی تر بەخۆزگەیەکی زۆرەوە ئارەزووی گەرانەوەدەکات بۆنیشتمانو ئامادەیە داروبەردەکان بلێسێتەوە. ئەوشیعرە رادەی



خۆشەویستیو پەیوەست بوونی مرۆڤی کورد بەخاکەکەیەوە نیشان دەدات. خاك لەو دەقە شیعریەدا دیارترین توخمی ژیانە کە بشێ مرۆڤ بوونی خۆی لەپێناودا ببەخشێت. لەودەقە شیعریەدا پانۆراماو بیۆگرافیای مرۆڤی بێ خاكو نەتەوە دەبینین. ئازارەکانی مرۆڤ هەست پێدەکەین لەو ساتانەی دوور لەوڵاتو زێدی خۆی دەژیت. هیچ شتێك بەقەد دوورە وڵاتی بۆ مرۆڤەکان بەگشتیو شاعیرەکان بەتایبەتی مایەی ئازارو خەفەتی قوڵ نیە. ئەوغەریبیە گەورەو کوشندەیەی لەدورەوڵاتی مرۆڤ توشی دێت. برینێکە بەهیچ سارێژ نابێت مەگەر بەباوەش کردنەوە بەنیشتمان نەبێت.لەراستیدا لە کاتی خوێنەوەی ئەو دەقە شیعریەدا ئەستەمە ئێمە لەو ئازارە بگەین کەشاعیر بە هۆی دووری لە نیشتمانەوە دەیچێژێت.بۆئەوەی لەوخەمە قوڵە بگەین دەبێ خۆمان ئەو هەستە غەریبیە ببینین،تابزانین دەردی دووری لەنیشتمان چەن گرانە. تابزانین ئەوانەی نیشتمانێکیان نیە تیایدا ئارام بگرن لە چ ناسۆریەکی گەورەدەژین. بێنیشتمانی زامێکی بەسوێیە، وردەوردە ناخمان دەخوات تالەدواجاردا بەوخەفەتە قوڵەوە سەردەنێینەوە. هیچ شتێك بەقەد خەمی دووری لەنیشتمان مرۆڤەکان هەلابەهەلا ناکات. کەم نین لەمێژووی شیعری کوردیدا ئەوتێکستە شیعریانەی هەڵگری خەمی نیشتمانن. بەئاسانی هەست بەوە دەکەین چ غەریبیەکی گەورە لەبونیادی ئەو دەقە شیعریانە ئامادەیە کەلەمەنفادا لەدایك بوون لەدنیابینی شاعیرانی ئێمە بەگشتیدا.تێکستی شیعری کوردی لەمەنفائەوەندەی مانفێستێکە بۆنووسینەوەی خەمەکانی نیشتمان، ئەوەندە کەڤالێك نیە بۆ نیشاندانی جوانیەکانی مەنفا، بەپێچەوانەوە هەمیشە شاعیری کورد لەبەهەشتی ئەوێدا خۆزگەی گەرانەوە بۆ نیشتمان دەخوازێت، گەرانەوە بۆشوێنێك کە هەگبەیەك یادەوەری جوانو شیرینو تاڵی سەردەمە جیاوازەکانی تەمەنی لێ جێهێشتوە. نیشتمان بۆمرۆڤی کورد ئەوخاکە زێرینەیە کەهەمیشە (قەسری قەیسەری) هێناوەو ئامادەبوە خۆی لەپێناویدا بەخت بکات. تەنانەت زۆرجار پەیوەست بوون بەخاك لەدنیابینی شاعیری کوردا بەئەندازەیەك بوە

کەدەتوانین بلێین هەڵگری دیدێکی(راسیزمانەیە) بەومانایەی ئەوخاکە تەنها موڵکی کەسانێکە کەکوردن‌وناسنامەی ئەومرۆڤانەیە کەکوردستانین. ئەوپەیوەست بوونە گەورەوقوڵەی مرۆڤی کورد بەخاکەکەیەوە، ئەوندەی هێمایەکە بۆگێرانەوەی ناسنامەی زێدی رەسەن بۆخودی مرۆڤەکان، هێندە رەهەندێکی خاك پەرستی‌و راسیزمیانەی نیە. بەدەربرینێکی تر ئەوروانگەیە بۆخاك بەرزکردنەوەی وەڵامێکە بەرووی هەمووئەوانی تردا کەئێمەش هاوشێوەی ئێوە خاك‌و نیشتمانمان هەیە. شاعیردەڵێ:

**ئەمە قسەی. . خاك‌وخۆڵە. . .**
**وەختێ ئیتر. . رائەپەرێ‌و**
**پێ بەچەکمەی. . شەوەزەنگ‌و**
**غەوارەکان قبول ناکات!!*******

بێگومان ئەگەر دەستەواژەی شیعری خاك‌وخۆل وەرگرین‌و بەدەر لەمانا شیعریەکەی بیخوێنینەوەو هەموومان دەزانین کەخاك‌وخۆڵ بەشێکی بچوکە لەخاکێکی گەورە کەئەویش کوردستانە. خاك‌وخۆڵ ناوچەیەکە لەشارەزوورو لەبونیادی ئەو شیعرەدا، لەچوارچێوەی جوگرافیای دیاریکراوی خۆی هێندراوەتە دەرەوەو، بوەتە سیمبولێکی گەورەتر بۆخاکێك کە ئەویش کوردستانە. خاکوخۆڵ لەوشیعرەدا ئەوکوردستانە بچوکەیە کەهەرگیز (پێی) غەوارەکان قبول ناکات و سیمبولێکە بۆکەسانێکی تر کەلەوخاکەدا دەژین. ئەوگوزارشتە شیعریە هێندەی هەوڵدانە بۆناساندن‌و پێناسەکردنی (خاکی کوردستان)بەرووی ئەوانی تردا (واتەدوژمنان) هێندە دەلالەتێکی خاکپەرستی‌و شۆفێنیانەی نیە. غەوارەکان ئەوانە نین کەدەشێ کەسانێك بن وەك ئێمە غەریب بن لەنیشتمانی خۆیان‌و کوردستان لە ئامێزی گرتبن، بەڵکو غەوارەکان ئەوانەن کەنیازی وێرانکردن‌و سوتماك کردنی خاکی کوردستانیان هەیەوبەپێیەکانیان دەیانەوێ ئەو خاکە پیرۆزە گلاوبکەن. بەتایبەتیش ئەوتێکستە لە مێژووێك نووسراوە کەسەردەمی دوای ئەنفالە بەدناوەکانە. خاك لەو دەربرینە شیعریەدا هێزێکە بۆسەر لەنوێ هەستانەوەو



یاخیبوون‌و نەبەزین. هێزێکە بۆبە زیندوو نیشاندانی ناسنامەی کوردبوون.ئەو دەربرینە شیعریە نمونەیەکی جوانی دۆنادۆن بوونی مرۆڤی کوردوخاکەکەی دەگەیەنێت. . .

***عبدللە پەشێو.**
****عبدللە پەشێو.**
*****رەفیق سابیر.**
******عبدللە پەشێو.**
*******شێرکۆ بێکەس.**

سەرنج/ بۆنووسینی کۆپلە شیعریەکان نەگەراومەتەوە سەر دیوانە شیعریەکان بەڵکو خۆم شیعرەکانم نووسیوەتەوە. چونکە شیعری زۆربەی زۆری شاعیرانی کوردم ئەزبەرە!!!!!

*لە رۆژنامەی (رووبەر) ژمارە(50) رۆژی 2011/2/15بلاۆکراوەتەوە. . . .

# رەهەندی سۆسیۆلۆژی لە شیعری بێكەسدا

مەبەستی ئێمە لە چەمكی سۆسیۆلۆژیا بەمانا ئە كادیمیوزانستیەكەی نییە، وەك ئەوەی زانستێكی سەربە خۆیەو لە بونیادو دیاردە كۆمەڵایەتیو فینۆمینۆلۆژیەكانی كۆمەڵگە دەكۆڵێتەوەو، ئاستی پێشكەوتنی كۆمەلگاو مۆدێرنەبوونی هەر پێكهاتێكی ئەتنیكی دەردەخات. بەڵكو مەبەستمان لەو ئاراستە رۆشنگەرانەیە كە لە چوارچێوەی فۆرمێكی زمانەوانی سادە لە بونیادی دەقی شیعری بێكەسدا دەكەونە بەرچاو، كە دەكرێ بكرێنەبەر مەبنای هەڵسەنگاندنی سۆسیۆلۆژیای كۆمەڵگای كوردی لەو زەمەنە مێژوویەو كۆمەلایەتیەی كە بێكەس هەم وەك شاعیرێك هەمیش وەك تاكێك تیایدا ژیاوەو روانگەی هزریو سۆسیۆلۆژی خۆی لە هەمبەر دیاردەكانی ژیان خستۆتە روو. بە دەربرینێكی تر بە ورد بوونەوەمان لە ناوەرۆكی بە شێك لە تێكستەكانی شیعری بێكەس دەكرێ ئەو ئەقلە رۆشنگەریەی شاعیر نیشان بدەین كە بەرامبەر ژیانو تاكەكانی كۆمەلگا دەری دەبرێت. بێكەس وەك سۆسیۆلۆژستێكی خۆرسك پەنجە دەخاتە سەر كێماسیەكانی كۆمەلگاو ئەو تایبەتمەندیە كۆمەلایەتیانە لە شعرەكانیدا بەر جەستە دەكات كە دەبنە فاكتەری دۆگمابوونی كۆمەلگا.بە شێكی كەمی شیعرەكانی لێدەرچێت كەوەك كاردانەوەیەكی سایكۆلۆژی بەرامبەر تەكنەلۆژیا نووسیویەتی دەنا زۆربەی شیعرەكانی ئەو شاعیرە باسكردنە لە گۆرانكاریو زانستو خوێندەواریوكاركردنو هاندانی تاك بۆ بونیادنانی شوناسی تاكانەی خۆی لە كۆمەلگادا. بێكەس وەك شاعیرێك درك بەوە دەكات كە پێشكەوتنی هەر گەلێك بەستراوە بە پێشكەوتنی تاكەكانیو بە



بێ هوشیاری تاك لە ئاست دیاردەكانی ژیان ئەستەمە كۆمەلگایەكی پێشكەوتوو بێتە ئاراوە بۆیە شە دەبینین هەمیشە باس لە چەمكی خوێندەواریو زانست دەكات. لەو شیعرانەشی كە بێكەس تیایدا بە توندی دیاردەكانی وەك زانستو خوێندەواری رەتدەكاتەوەو ستایشی جەهلو دواكەوتووی دەكات دەرەنجامی پالنەرێكی ئۆبژێكتی نییە بە قەد ئەوەی دەرەنجامی پاڵنەرێكی سۆبژێكتیە. بێكەس لەو سۆنگەیەوە لەو شیعرانەیدا رەتی دیاردەكانی فێربوونو زانست ناكاتەوە وەك ئەوەی ئەوانە سەرچاوەی نەهامەتیو كوێرەوەریەكانی كۆمەلگا بنو نە خوێندەواریو نەزانین شیاوتر بن لە خوێندەواریو زانین، بە پێچەوانەوە بە ڵكو چونكە شوێنگەی كەسانی داناو لێهاتوو لە كۆمەلگادا هەمیشە پەراوێزیودژایەتیە ئیدی ئەمەیە والە شاعیر دەكات بە چاوێكی تر بروانێتە دیاردە رۆشنگەریەكانی ژیان. دەنا مانای وانییە خودی شاعیر لە بیركردنەوەو دنیابینی خۆیدا هەلگری ئەو ئەقلە داخراوە بێت بە تایبە تیش ئێمە هەمووومان دەزانین كە بێكە س خۆشی مامۆستا بوە. كەواتە دەبێت ئەمە دەرەنجامی پالنەرێكی تر بێت،بۆ نموونە بێكەس دەلێت:

**خوێندەواری شێتیە هەر جەهلە ئنسان سەر دەخا**

***ئێمە كاتێ سەرنج*** *لەو دەربرینە شیعریە دەدەین،هەست بەو رەتكردنەوە توندەیە* ***دەكەین كە بێكەس لە هەمبەر دیاردەیەكی رۆشنگەری وەك خوێندەواری دەریدەبرێت و لە پەراوێزی ئەمەشەوە رەنگە لامان وابێت كە ئەمە بۆچوونی شاعیرو روانگەو دنیابینی تایبەتی ئەوە بۆ چەمكی خوێندەواری.وەلێ كاتێ دێرە شیعرەكانی دیكەی دوای ئەو دێرە شیعرە دەخوێنینەوە ئەوسا دەزانین كە ئەو تێروانینەی شاعیر كاردانەوەی كارێكە لە هەمبەر كارێكی تردا ، بە مانایەكی تر بێكەس پێمان دەلێت لە بەرچی ( خوێندەواری شێتیە)و دەبێ رەتی بكەینەوە بۆیەشە پالنەرەكانی ئەو***

***بیرکردنەوە تایبەتیەی خۆیمان پێدەلێتو لە دێری دیکەی دوای ئەم دێرە شیعرە دەڵیێ:***

**چاکە زانیم حاڵی عاقڵ نەفیە**

کەواتە بۆیە خوێندەواری شێتیە لەدیدی بێکەسی شاعیردا،چونکە حالی عاقلەکان هەمیشە نەفیکردنە لە کۆمەلگادا.

لەراستیدا رووبەرێکی بەرفراوان لە گوتاری شیعری بێکەسدا تەرخانە بۆ گوزارشت کردن لە دیاردە سۆسیۆلۆژیەکانی تاكو کۆمەلگە.ئەو دیاردانەی بە شێوەیەك لە شێوەکان دەبنە کۆسپو بەربەست لە بەردەم پێشکەوتنو گەشەسەندنی کۆمەلگە. لەو روانگەیەشەوە لە رێی شیعرەکانیەوە هوشیاری دەداتە تاکەکانی کۆمەل کە لێیان دوربکەوێتەوە بۆنموونە وەك **( نەخوێندەواری،تەمبەڵی،خەو،پارە پەرستی،ساختەکردن. . . . تد)** بێکەس دەزانێ بەبێ هوشیاری تاك هەرگیز کۆمەلگا بەگشتی هوشیار نابێتەوە بۆیەشە بە بەردەوامی رووی شیعرەکانی لە تاکەو سەرەتا لەو دەست پێدەکات.بە بۆچوونی من هەر ئەمەشە خاڵی جیاکردنەوەی ئەزموونی شیعری بێکەس لە ئە زموونی شیعری شاعیرانی تر. چونکە یە کێك لە بنەماکانی شیعری بێکەس بەرجەستەکردنی بنەمای دیالۆگە لە شعرەکانیدا. واتە شیعری بێکەس گوتارێکی ئاراستەکراوە بۆ ئەوانی تر،لە بری ئەوەی هەلگری گوتارێکی گێرانەوە بێت.بەو مانایەی ئە گەر لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی تردا رە گەزی (مەنەلۆژ) هەبێتو شیعر پانتایەك بێت بۆ گوزارشت کردن لە بیۆ گرافیای شاعیرو نووسینەوەی دنیا شاراوەکانی خودی شا عیر، یانیش هێماکردن بێت بۆ رووداوێك یاخود یادەوەریەکی تایبەتی،ئەوا لە شیعری بێکەسدا بە پێچەوانەوە شیعر ئە زموونکردنێکە بۆ بابەت لە بری خودگەرایی. بە دەربرینێکی تر بێکەس لە شیعرەکانیدا لە بری ئەوەی باس لە عشقو سروشتو رۆمانسیەتو ئستاتیکا بکات،دێت باس لە سەربە خۆی تاكو دووركەوتنەوە لە



کۆمەلگایەکی تە مبەلو خوێندەواریو فرێدانی پە چەی شەرمو دەیان دیاردەی سۆسیۆلۆژی دیکە دەکات کە دەکرێ بکرێنە بەر مەبنای بونیادنانی کۆمەلگایەکی پێشکەوتو ژیاریی. بە تایبەتیش ئەوەی بۆ من جێگەی سەرنجە وەك خوێنەرێك لە شیعری بێکەسدا ئەوەیە،کە شاعیر هەمیشە ناسنامەی تاکی لە کۆمەلگادا بەلاوە گرنگەو بە بایەخەوە تەماشی مرۆڤ دەکاتو هانی دەدات سەربەخۆی تاکانەی خۆی بە رجەستە بکات. لەوە گرنگتریش گوتاری بێکەس بۆ تاکەکان لەسەر ئاستی شوناسی رەگەزی نییە بەو مانایەی تەنیا هەولی وشیارکردنەوەی رەگەزی نێربداتو نیوەکەی دیکەی کۆمەلگا پشت گوێ بخات.بە پێچەوانەوە کاتێ بێکەس نیو سەدە زیاتر بەر لە ئەمرۆ هانی ئافرتی کورد دەدات،پە چەی شەرم فرێبداتو یاخی بێت لە ترادیسیۆنە دواکەوتوەکان،ئەمە مانای وایە کە ئە قلێکی رۆشنگەرانەو نوێگەریانەی هەبوە لە شیعردا. چونکە ئەگەر رۆشنگەری ئەو فۆرمۆڵە فیکریە بێت کە وا لە مرۆڤ دەکات بە دیدێکی رەخنەیەوە بروانێتە شتەکان،ئەوا دەکرێ بلێین بێکەس هەڵگری دنابینیەکی رۆشنگەرانەبوە لە شیعردا. چونکە دیدی ئەو دیدێکی رەخنەیی _سۆسیۆلۆژیە بۆ تاكو کۆمەڵگەو پەیوەندیە کۆ مە لایەتیەکانی کۆمەڵگە. لە و سەردەمە کۆمەلایەتیو پەروەردەیەی کە بێکەس تیایدا ژیاوە،کۆمەلێك دیاردەی سۆسیۆلۆژی بوونیان هەبوەو لە وسۆنگەیەشەو بێکەس بە دیدێکی رەخنەیانەو ئەو دیاردانە دەبینێتو هەولی دامالێنیان دەدات لە تاكو کۆمەلگە. بۆیە شە لە چوارچێوەی شیعرەکانیدا ئاماژەیان پێدەدات. بە دەربرینێکی تر بێکەس فاکتەرەکانی دۆگمابوونی کۆمەڵگەو ناهوشیاری تاك دەبینێتو دواجاریش رێگە چارەکانیش دەست نیشان دەکات،بەو مەبەستو ئامانجەی بکرێنە زەمینەی نە هێشتنی ئەو دیاردە کۆمە لایەتیە دواکەوتوانە. چونکە ئەو پێی وایە،کۆمەلگا پێشناکەوێت ئەگەر بایەخ بە خوێندەواریو زانست نەدرێت،تاکەکان هوشیار نابنەوەورۆلیان نابێت لە گەشەکردنی کۆمەڵگەو نوێبوونەوەو گۆرانکاری

ئەگەر دورنەکەونەوە لە(خەو). مرۆڤ ناتوانێت سەربە خۆیی فیکریو کۆمەلآیەتی خۆی وەربگرێت ئەگەر بەقەولی بێکەس وتەنی( ئیقتسادی) نەکات. کەواتە بێکەس کۆی ئەو دیاردە سۆسیۆلۆژیانە دەبینێت،کەوەك بەر بەستێك دێنە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەلگا. بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا لە هوشیاربوونەوەی تاك دەست پێدەکاتو گوتاری رۆشنگەرانەی خۆی بە شێوەیەکی سادە دەگەیەنێتە تاکەکانی کۆمەڵ. بۆنموونە بێکەس دەڵێ:

**فرسەتە هەستن لە خەو ئیتر چ وەختی نووستنە**

بێگومان هەموومان دەزانین کەخەوتن ئەو پێداویستیە فسیۆلۆژیوروحیەیە،کە بۆژیانی تاکەکان گرنگە. بەو پێیەی مرۆڤەکان پێویستیان بە خەوە،وەك هەر پێداویستیەکی دیکەی ژیانی رۆژانەیان،بەلآم کاتێ ئەو دیاردەیە دەبێتە کلتورێکی کۆمەلآیەتی ناوازەوبەشێك لە بونیادی سایکۆلۆژی مرۆڤەکان،ئەوابێگومان کارەکتەرێکی نائەکتیڤ دروست دەبێت،کە ناتوانێت هیچ رۆلێکی بنەرەتی ببینێت لە پێشڤە چوونی کۆمەڵدا. بە دەربرینێکی تر شاعیر دەزانێ (خەو) وەك دیاردەیەکی کۆمەلآیەتی دەبێتە هۆکاری دروست بوونی کارەکتەرێکی تەمبەڵ،لە پەراوێزی ئەمەشدا هێزی مرۆیی کۆمەڵگە لە هێزێکی بە رهەم هێنەوە،دەگۆرێت بۆ هێزێکی مشەخۆرو ناکارکەر،بێگومان ئەمەش سەرەنجام کۆمەڵگایەکی دۆگماو نابەرهەمهێن دروست دەکات،بۆیەشە شاعیر بەو پەڕی راشکاوییو لە دەربرینێکی زمانەوانی فەرمانیدا، داوا،لە تاکەکان دەکات کە (هەستن لە خەو) کە دەشێ مەبەستی خەباتوتێکۆشانو قوربانیدانیش بێت. ئەگەر سەرنج لەو دێرە شیعریە بدەین دەبینین وشەکانی(هەستن)و(ئیتر) وشەیەکن لە رووی رێزمانیەوە دەچنە،چوارچێوەی فەرمانکردنەوە. واتە فەرمان دان بە کەسێك بە ئەنجامدانی کارێك کە لە بەرژەوەندی گشتی یا تایبەتی دابێت،بۆیە دەبینین هەموو ئەو دیاردە سۆسیۆلۆژیانەی کە وەك وتمان دەبنە بەربەست لە بەردەم پێشکەوتنی



کۆمەلگا،لەرەتکردنەوەیان شاعیر کرداری رێزمانی فەرمانکردن لەدووتوێی دێرە شیعرەکانیدا بەرجەستە دەکات. واتە هەرئەوە نا کە بیری تاکەکان بۆلای ئەو دیاردانە کێش بکات بەلکو فە رمانیشیان پێدەدات. بۆنموونەلە زۆربەی شیعرەکانیدا،وشەکانی وەك( هەستن_ لازمە_فرێدە_فەرزە_نابی. . . . تد) دەبینرێن.واتە شاعیر مەبەستیەتی تاکەکان پەیوەست بکات بە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەموو ئەو دیاردە سۆسیۆلۆژیانەی کە دەبنە بەرمەبنای چەقبەستنو دواکەوتوویی کۆمەڵگە. هەرئەمەشە پە یامی کۆمەلآیەتیانەی شیعری بێکەس، چونکە ئەو لە دەروازەی دیاردە کۆمەلآیەتیە نێگەتیڤەکانەوە،دەچێتە نێو سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگەو تاکەکانو لە وێوەش ئەو دنیابینیە رۆشنگەریانەی خۆی بەرجەستە دەکات.

بێکەس لەرێی شیعرەکانیەو هەوڵی بونیادنانی سایکۆلۆژیەتی جۆرە مرۆڤێکمان بۆ دەدات،کە تیایدا بە پلانو بەرنامە بێت لە ژیانیداو لەوەش گرنگتر ناسنامەو سەربە خۆی تاکانەی خۆی لە کۆمەڵدا بونیاد بنێت. بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ئەو دەرەوازانەی کەدەشێ ببنە بەر مەبنای بیناکردنی ئەو ناسنامەیە پیشانی تاك دەدات. بە دەربرینێکی تر بێکەس هەرتەنیا ئامانجی پێشکەوتنو رۆشنگەریو کرانەوە بۆ تاکەکان باس ناکاتو دواتر کۆتایی پێ بێنێت،بە ڵکو هەموو ئەو رێگایانەشی پێ ئاشنا دەکات کە پەیرەویان بکات لە ژیانی سۆسیۆلۆژی خۆیدا.ئێمە دەزانین هەموو سەربە خۆیەکانی مرۆڤ لە سەربەخۆی ئابوریەوە دێنو بە رجەستە دەبن. بە بێ هێزی کار ئەستەمە تاك ناسنامەی تاکایەتی خۆی لە پانتایی کۆمەڵگادا دەربخات. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ کاربکاتوبوونی خۆی لە هێزێکی بەکار بەرەوە بگۆرێت بۆ هێزێکی بەرهەمهێن لەو سۆنگەیەشەوە کۆمەڵگە پێشبخات بۆیە دەبینین لەو لایەنەوە بێکەس ئاماژە بۆ بابە تێکی هەرە هەستیار دەکات لە ژیانی مرۆڤەکاندا ئەویش بواری ئابوریە.شاعیر لە زیاد لە شیعرێکیدا ئەم بابەتە دەوروژێنێ بۆنموونە دەلێ:

## پاشەکەوتکردن لە دنیا بۆ هەموو کەس لازمە

هەڵبەتە ئەگەر سەرنج لەو دەربرینە شیعریەی شاعیر بدەین دەبینین، شاعیرمرۆڤ پەیوەست دەکات بە دیاردەیەکی سۆسیۆلۆژی زۆر گرنگ کە ئەویش (پاشەکەوت کردنە) لە رووی دارایەوە. لەو کلاوەرۆژنەیەوە شاعیر هوشیاری ئەوە دەداتە مرۆڤەکان، رێکخستنو یەکخستنی رەهەندی ئابوریانەی ژیانی خۆی رێك بخاتو ناچار نەبێت پەناوەبەر هەر کەسێکی تر ببات لە کاتی پێویستیدا. بێکەس ئەوەندەی دەیەوێت تاك پشت بە خۆی ببەستێتو سەربە خۆی خۆی هەبێت، ئەونده مەبەستی دیکەی نییە. بۆیەشە مرۆڤەکان بە تێگەیشتنی خۆی لازم دەکات کە دەبێ پاشەکەوت. بکەن. لەراستیدا چەندین دیاردەی کۆمەلآیەتی دیکە هەن کە شاعیر لە شیعرەکانیدا تیشکیان دەخاتە سەر بۆنموونە وەك(دورکەوتنەوە لە شەرم_ پشت بە خۆ بەستن_بێ هیوانەبوون. . . . تد) کە دەشێ هەموو ئەمانە بکرێنە بەر مەبنای خوێنەوەی هزری رۆشنگەریانەی بێکەس و روانگەی رە خنەیی ئەوبە شێوەیەکی سادە بۆ کۆمەلگا. کاتێ سەرنج لەو هەموو دیاردە سۆسیۆلۆژیانە دەدەین کە شاعیر لە چوار چێوەیەکی زمانەوانی سادە لە هەمبەر کۆمەڵگادا لە پانتایی شیعرەکانیدا ئاماژەی پێداون،درك بەوە دەکەین کە شاعیر وەك سۆسیۆلۆژستێکی خۆرسك کۆمەڵگا دەبینێتودیارەکان هەڵدەسەنگێنێ نەك تەنیا وەك شاعیرێكوبەس. . . .

***لە ژمارە(1009)رۆژی 2011/4/5رۆژنامەی هەولێر پۆست بلاوکراوەتەوە**



## عشق و خوێن لە قەسیدەی (بەڵقیس)دا

بێگومان پانتایەکی هەرە گەورە لە ئەدەبوهونەری مرۆڤایەتیدا گوزارشتە بۆ عشقو خۆشەویستی رەگەزی مێوسەربوردەی ئەو چیرۆکانەمان بۆ دەگێرنەوە،کە روویانداوە چ لە کۆن بێت یاخود ئێستا.تەنانەت لە زۆر کاتدا جوانترین تێکستی شیعری شاعیرێك ئەو شیعرانەن کە بۆ خۆشەویستەکەی نووسیویەتیو بونەتە بە شێك لە یادەوەری ئەو کە تەنها مەرگ دەتوانێ لە بیری بباتەوە. لە ئەزموونی شیعری شاعیراندا بە گشتی خۆشەویستی ئەو رەگەزە هونەریە بوە کە بونیادێکی گەورەی لە گوتاری شیعری گرتۆتەوەو بەو هۆیەشەوە توانیویانە داهێنانی ئەدەبی بێنە کایەوەوجوانترین وێنەی شیعری بەرجەستە بکەن.تەنانەت هەندێکیان خۆشەویستیان لە پێشەوەی رەگەزەکانی دیکەی ژیان داناوەو لایان وابوە کە بە بێ خۆشەویستی سروشتو ژیان هیچ جوانیومانایەکیان نییە. بۆنموونە گۆران لە دێرە شیعرێکی لەو شێوەیەدا دەڵێ:

**بەلام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز**
**بێ رووناکیە بێ بزەی ئازیز**

واتە لە روانگەی شاعیردا سروشت هیچ جوانیەکی نییە،ئەگەر بزەی خۆشەویستەکەی تیا نەبێتو ئەوە خۆشەویستیە ناسنامە دەداتە سروشت نەك بە پێچەوانەوە.

لە راستیدا قەسیدەی (بەلقیس)* بە یەکێك لە دیارترین ئەو چامە شیعریانە دادەنرێت کە رەگەزی خۆشەویستی بە شێوەیەکی بەرفراوان تیادا بەرجەستەیەو سەرلەبەری ئەو دەقە گوزارشتە بۆ عشقو خۆشەویستی نێوان دوو رەگەز. ئەو چامەیە دەرەنجامی ساتە کانی ئەو شۆکە دەروونیەیە کە

تیایدا کارەکتەرێکی عاشق بە هۆی ڕووداوێکی دڵتەزێنەوە مە عشوقەکەی لە دەست دەدات. ئیدی سەرەتای تەقینەوە داهێنانەکانی ئەو چامەیە لە وێوە دەست پێدەکات. ئەو چامەیە بیۆگرافیای مرۆڤێکمان بۆ بە رجەستە دەکات.کە جەلادەکان خۆشەویستەکەیان کوشتوەو ئیدی هەموو کوێرەوەریو نەهەماتەیو مەرگەساتەکانی شاعیر لە و کاتەوە دەست پێدەکات. لە دنیابینی شاعیردا لە دوای کوشتنی بەلقیس ژیان هیچ ماناو جوانیەکی بۆ ئەو نامێنێت. چەمکی خۆشەویستی لەو قەسیدەیەدا هەرتەنها گوزارشت نییە بۆ پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەز لە ئاستی خۆشەویستیدا،بە ڵکو ئاماژەیەکە بۆ بوونو مێژوو سروشتیش. بە دەربرینێکی تر لە بونیادی ئەو قە سیدەیەدا تەنیا گوێبیستی گێرانەوەی خەمەکانی کە سێکی عاشق نابین کە دڵڕەقانە خۆشەویستەکەی ئەویان کوشتوە، بەڵکو لە پەراوێزی ئەمەشەوە مێژووی خوێناوی گە لێك دەخوێنینەوە کە خوێنی خۆیانو ئەوانی تریش دەرێژن. ناسنامە ی کە سانێکی جەلاد دەبینین. گوتاری ئەو چامەیە پانتایەکە بۆ نیشاندانی ململانێی شەرو خێر،ژیاندۆستیو مەرگدۆستی،جەلادو قوربانی. لە ستراکتۆری ئەو دەقەدا شاعیر راڤەیەکی درێژی مێژووی خوێناوی عەرەب دەکاتودەیەوێت ئەو گوتارە بگەیەنێت،کەجگە لە وان ( کەمەبەست عەرەبە)کەسی تر ئازایەتی ئەوەی نییە مرۆڤ بکوژێت. هەربۆیەشە شاعیر پرۆسەی کوشتنی(بەلقیس) ی خۆشەویستی بە سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی چاخی دواکەوتوویيو مەرگدۆستیو نەزانینوقێزەوەنی وشەرانگێزی دەزانێ. بەمانایەکی تر شاعیر کوشتنی مرۆڤەکان دەبەستێتەوە بەداخراوی ئەقڵی خێڵەکیودواکەوتووی کەسانێك،کەبەلایانەوە ئاسایە مرۆڤ بکوژن. هەروەك شاعیر خۆشی ئاماژەی پێ دەداتو دەڵێ:

**ئەرێ هیچ میللەتێکی سەرزەوی**
**_ئێمە نەبێ_ چامە دەکوژێ!!!!**



شاعیر سەرەتای چامەکەی بەچەمکی (ستایش) دەست پێدەکات. ستایشکردنی کەسانێك کەجەلاد ئاسا خۆشەویستەکەی ئەویان کوشتوە. شاعیرلەبەرامبەر ئەنجامدانی تاوانێکی تراژیدیو پرمەرگەساتی لەو شێوەیە،سوپاسی بکوژەکان دەکاتو دەڵێ:

**سوپاس بۆ ئێوە. . سوپاس بۆ ئێوە**
**خۆشەویستەکەم کوژرا. . ئێستا دەتوانن**
**پێکێ لەسەر گلکۆی شەهید بخۆنەوە. . .**

ڕەنگە بە شێوەیەکی گشتی ستایشکردنی کەسانێك کە شوناسی جەلادیان هەیەوخوێنی عاشقێکیان رشتوە،جێگەی سەرسامیو پرسیاربێت، بەومانایەی مرۆڤ چۆن دەتوانێ لە دۆخێکی دەروونی ئاڵۆزو پڕ خەفەتدا کاتێ کارەساتێکی بە سەر داهاتوە،لە بری گەران بەدوای هەستی تۆڵەکردنەوە سوپاسیان بکاتو دان بە خۆیدا بگرێت. بەڵام لە پشت ئەو ستایشکردنەوە دیدێکی ڕەخنەیی دیکە هەیە،کەمەبەستیەتی لە پشت ئەو ستایشکردنەوە یە ئەو وێنە ناشرینوشەرانگێزەو پڕ لە تاوانو خوێناویەمان پیشان بدات کە کەسانێك هەیە تیان.لە پەراوێزی ئەو ستایشکردنەوە شاعیر دەیەوێت ئەو گوتارە بگەیەنێت کە کوشتنو خوێن رشتن،بە شێکن لە مێژووی ناشرینی ئەو مرۆڤانەو ئەوان تێنووی خوێن رشتننوبە بێ سرینەوەی ژیانی کەسانی تر مانایەك بۆبوونو ژیان ئەوان نییە.بەو واتایەی هیچ شتێك نییە شانازی پێوەبکەن و بیکەنە ئاماژەیەك بۆ بوونی **خۆیان جگە لە خوێن رشتن،بۆیەشە شاعیر دەڵێ:**

**خۆشەویستەکەم کوژرا. .**
**ئێستا دەتوانن پێکێ لە سەر. .**
**گلکۆی شەهید بخۆنەوە. . . !!!!**

ئەگەر سەرنج لەو دەربڕینە شیعریە بدەین بەئاسانی هەست بەو ئاماژەیە دەکەین،کە ئاسودەییو بە ختەوەربوونی ئەو مرۆڤانە تەنیا لە کاسەیەك خوێن دایەو ئەوان هەست ناکەن دەژین تا ئەو ساتەی دەبینن خوێنی مرۆڤێك رژاوە. لە روانگەی شاعیر کوشتنی بە لقیسی خۆشەویستی رووداوێکی ئاسایە،بەو مانایە نا کە مەرگاستێکی گەورەو خەمێکی قورس نەبێت، بەڵکو بەو مانایەی خوێن رشتنی مرۆڤ بە شێکە لە مێژووی ناشرینو شەرانگێزانەی عەرەب،بەدەربرینێکی تر ئەوان هەر تەنها بە کوشتنو خوێن رشتنەوە جوانن‌و بە بێ تاوان مانایەك نییە بۆ بوونی ئەوان. شاعیر دەیەوێت پێمان بلێت کوشتن هەر کاری ئەوانەو هەر ئەوەشیان لێ چاوەڕوان دەکرێ بۆیە سوپاستان دەکەین. لە وراونگەیەشەوە شاعیر دیاردەی مەرگی خۆشەویستەکەی دەکاتە بیانووی هەڵدانەوەونیشاندانی ئەو مێژووە خوێناویەو لەوێوەش کوشتنی بەلقیس بە کوشتنی وشەو زمانو شیعر دەزانێت بۆیە بە سەرسامیەوە دەپرسێت:

**ئەرێ هیچ میللە تێکی سەر زەوی. . .**
**چامە دەکوژێ. .**
**ئێمە نەبێ؟**

لە روانگەی شاعیر کوشتنی چامەیەك،کە ئەو دەیبەستێتەوە بە کوشتنی کارەکتەری خۆشەویستەکەی، بەمانای کوشتنی جوانیو پەیڤو زمانوئاماژە دێت. چونکە لە پشت هەر چامەیەکەوە زمانێك هەیە کە جوانیەکان بە رجەستە دەکات. خودی ئەو زمانە لە قەسیدەی بە لقیسدا،بە ستراوەتەوە بە خودی بە لقیس خۆی نەك شاعیر. بە دەربرینێکی تر کوشتنی بەلقیس کوشتنی مرۆڤێك نییە بە تەنیا کەلە دەرەوەی بوونی سایکۆلۆژی شاعیر پەیوەندیەکی روحی پێیەوە هەیە،بەلکو کوشتنی ئەو کارەکتەرە شاراوەشە کەلەناو دنیابینیو ناخی شاعیر بوونی هەیەو سەرچاوەی هەموو



ئەو چامانەیە کە ئەو دەینوسێت.ئەمەش بەشێکە لە تایبەتمەندی کارەکتەری مرۆڤی خۆشەویست کە بوونو ژیانی خۆی لە بوونو ژیانی خۆشەویستەکەی دەبینێتەوە. بەدەربرینێکی تر مرۆڤ کاتێ لە پرۆسەی خۆشەویستی دایە لە گەڵ کەسی بەرامبەر کە خۆشەویستەکەیەتی،ئیدی دنیا لە چاوی ئەودا دەبینێتوبوونی خۆی دەبەستێتەوە بەبوونی ئەو.وەك ئەو پاڵەوانەی لەرۆمانی( ئازاری خۆشەویستی)ی رۆمان نووس (ئە لبیرتۆ مۆراڤیا) هەیە. لەو روانگەیەشەوە تراژیدیای مەرگی بەلقیس بۆ شاعیر هەرتەنها لێکدابرانێکی فیزیکی نێوان دوو خۆشەویست نییە کە مەرگ بە هەر هۆیەکەوە بێت لە یەکتریان دەکات،بەلکو تراژیدیای وێرانبوونی روحی شاعیر خۆشیەتی. لە دوای مەرگی بەلقیس بوونو ژیانوشیعر هەمان ئەو چێژو جوانیەیان نامێنێت کە لە پێش مەرگی بەلقیسدا هەیانبوە. لە راستیدا مەرگی بەلقیس شاعیر رووبەرووی شۆکێکی دەروونی گەورە دەکاتەوە،کە ئیتر ئومێدی بە هیچ شتێکی دیکەی ژیان نەمێنێت. نەك هەر ئەمە تەنانەت شاعیر گومان دەکات لەوەی سروشتیش بەرگەی ئەو تراژیدیە گەورەیە بگرێت،هەر وەك خۆشی دەڵێ:

**تۆبڵێی. . . .**
**لە دوای قژی تۆ. . گوڵە گەنم**
**بەرزبێتەوە؟**

شاعیر گوڵەگەنمەکان هاوشێوەی قژی بە لقیس نیشان دەداتولە دوای مەرگی ئەو گومان دەکات لەوەی گوڵەگەنمەکان بتوانن هەمیشە بەرزببنەوە. بێگومان هەردوو رەگەزەکە کەگوڵە گەنمەکانو هاوکات قژی دەزگیرانەکەشی لەخالێکدا یە کدەگرنەوە کە ئەویش بەردەوامیو زیندوەتییە. بەومانایەی هەردووکیان هەمیشە گەشەدەکەن. وەلێ دوای ئەوەی دەزگیرانەکەی دەکوژرێت، شاعیر گومان دەکاتو دەپرسێت (تۆبڵێی جارێکی تر گوڵە

گەنم بەرزبێتەوە). لێرەوش ئێمە رادەی پەیوەست بوونوخۆشەویستی شاعیر بۆ بە لقیسی دەزگیرانەکەی دەبینین،کە تیایدا عشقی ئەو سەراپای بوونو ژیانی ئەوی گرتۆتەوە. چونکە هاوشێوە کردنی دەزگیرانەکەی بە گولە گەنمەکان هێمایە بۆ رەهەندەکانی بوونی ئەو لە ژیانی شاعیردا. بەو مانایەی گەنم ئاماژەیە بۆ بەردەوامی بوونو ژیانی مرۆڤەکانو بە بێ ئەو پێداویستیە ژیان بەردەوام نابێت. لەو سۆنگەیەشەوە شاعیر ژیانی خۆی بە وێرانەیەکی گەورە د ەزانێت لە دوای مەرگی بە لقیس. نەك هەر ئەمە تەنانەت سروشتیش بە خەفەتبار دەزانێت. هەڵبەتە لە پرۆسەی عەشقو خۆشەویستی نێوان دوو رەگەزدا یەکێك لەو تایبەتمەندیانەی سەر هەڵئەدات ئاوێزانبوونی روحیە. بە دەربرینێکی تر کاتێ کەسێکمان خۆش دەوێت  ئیدی دنیا لەچاوی ئەو دەبینینو پێمان وایە جوانیەکانی ژیانو سروشت ناگەن بە جوانیەکانی ئەو. ئەمە پەیوەندی بەو هەستە رۆمانسیەو شاراوە هەیە کە کارەکتەری عاشق لەساتی ئەزموونکردنی خۆشەویستیدا بۆی دروست دەبێت. بۆیەشە دەبینین لە دوای مەرگی خۆشەویستەکەی یا خۆی دەکوژێت یانیش توشی دارمانو هەرەسهێنانی خودی دەبێتەوە لە کاتێکدا ژیان هە میشە بەردەوامە،بەلاَم لە روانگەی ئەو کۆتایی هاتوە. هەروەك شاعیر دەلێ:

**لێم بزرمەبە**
**چونکە خۆر لە دوای تۆ. . . .**
**چیتر کەنارەکان رووناك ناکا. . . .**

شاعیر ناسنامەی ئەوانە دیاریدەکات،کەبەلقیسیان کوشتوە. ئەگەر چی کوژراو بکوژ،  جەلادوقوربانی هەردووکیان ناسنامەیەکی هاوبەشیان هەیەو سەر بە یەك نەتەوەن. تەنانەت شاعیریش هەڵگری هەمان ناسنامەی ئەوانە. کەچی دەبینین کوشتنی بە لقیس نابێتە هۆکارێك کە تیایدا شاعیر ناسنامەی جەلادەکان ئاشکرانەکات. تاکو دواجار نە بێتە مایەی



شەرمەزاریو نەنگیو ریسوایی بۆ نەتەوەکەی،بە پێچەوانەوە بە لَکو بەو پەری راشکاویەوە ئاماژەیان پێدەدات. ئەمەش خۆی لە خۆیدا مانای گەورەیی عەشقو خۆشەویستی دەگەیە نێت،لە بەرامبەر لایەنەکانی دیکە ی ژیاندا،ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە دنیابینی ژیاندۆستانەی شاعیرمان بۆ دەردەخات،  بەرامبەر بە مرۆڤ. بەبۆچوونی من قەسیدەی بە لقیس لە پالَ ئاماژەکردن بۆ چیرۆکی نێوان دوو عاشق کە مەرگ بێ باکانە لەیەکتریان دەکات،هاوکات گێرانەوەی مێژووێ خوێناوی نەتەوەیەکیشە کە تاکو ئێستاش لە گەلّدا بێت. بەلایانەوە ئاسایە خوێنی هاوشوناسەکانیانو هاورەگەزەکانیانو کەسانی تریش برێژن،هەروەك شاعیر خۆشی ئاماژەی پێدەکاتودەلَێ:

**بەلقیس تۆیان کوشت. .**
**چ نەتەوەیەکی عەربە. . ئەوەی کەوا. . .**
**چریکەی بولبل دەکوژێ. . . . !!!بەلقیس وائێمە جارێکی تر**
**دەچینەوە بەرەو درندەیی. . .**
**دواکەوتنوقێزەوەنیوسوکی**
**جارێکی تر دەچینەوە. . . چاخە بەربەریەکان. . . .**

بێگومان لە هەمبەر مەرگی بەلقیسی دەزگیرانەکەیدا،  شاعیر هەست بە نائارامیوستەمێکی زۆردەکات،تا ئەو رادەیەی وا وێنای دەکات کە تاوانی کوشتنی ئەو لە ئە ستۆی شاعیردایە. بۆیەشە دەبینین ویژدانی ئازاری دەداتو لەبەرامبەر مەرگی ئەودا هەست بە جۆرێك لە تاوانباربوون دەکات. چونکە ئەگەر ئەو نەبوایە بەلقیس نە دەچوە بەیروتولە وێوەش کۆتایی بە ژیانی نەدەهات،هەر وەك شاعیر خۆشی دەلَێ:_

**تۆبلّێی ستەمم لێ کردبی. . .**
**ئەو رۆژەی لە کەناری ئەعزەمییەوە. . .**

**تۆم گواستەوە بیروت. . . . .**

ئەگەرچی شاعیر، بە خۆزگەیەکی زۆرو بەو ئومێدەوە بەلقیس دەگوازێتەوە بەیروت، تاوەکو دەروازەی ژیانێکی تازەونوێ‌و پر لە بەختەوەری بکەنەوە. تاوەکو بۆ ئەبەد لە باوەشی یەکتریدا بمێنەوە. کەچە بە داخەوە جەلادەکانی سەردەمی دواکەوتوییوخێلەکی،ئەوانەی تێنووی خوێن رشتنن‌وبەبێ خوێن مانایەك بۆ بوون‌وژیانیان نییە، بێ باکانە بە لقیس شە هید دەکەن‌ولە گەل کوشتنی ئەویشدا لە روانگەی شاعیر وشەو شیعرو جوانی دەکوژن. بەم کارەشیان ئەوان ناسنامەی جەلادی‌وشەرانگێزی خۆیان ئاشکرا دەکەن‌و لەوێوەش دەکەونە بەر شورەیی‌وریسوایی مێژوو. لەقەسیدەی بەلقیسدا شاعیر هەر تەنیا خەمە قولەکانی خۆی کە دەرەنجامی لەدەستدانی خۆشەویستەکەیەتی ناگێرێتەوە، بەڵکو لە پەراوێزی ئەمەشەوە مێژووی ناشرین‌و خوێناوی عەرەبەکانمان بۆ راڤە دەکات کە مێژووێکە تەژی لەخوێن رشتن‌و مەرگدۆستیەت‌وکوشتنی مرۆڤەکان. . . . . .

**تێبینی/ ئەم لێکۆلینەوەیە لەژمارە(61)ی رۆژی 2011/5/3رۆژنامەی (رووبەر بلاۆکراوەتەوە)**



# جاویدان بوونی روح‌و شکستهێنان بەمەرگ

## خوێنەوەیەك بۆ شیعرێکی شەهید (مەلاعلی)

لەژیانی مرۆڤدا رەنگە هیچ شتێك هێندەی مەرگ‌و پرۆسەی مردن مایەی تێرامان‌وپرسیارولێکدانەوەی فەلسەفی نەبێت. بوون وەك کێشەیەکی فەلسەفی یەکێکە لەوپرسیارانەی بەردەوام لەدنیابینی مرۆڤ دەخولێتەوەو رامان هەڵدەگرێت. بۆچی دەژیم‌ومەرگ‌وئەزمونکردنی ژیانی مرۆڤو بونەوەرەکان ودنیا بەگشتی هەمیشە جێگەی تێرامانی ئێمەنەو بەردەوام ئەوپرسیارانەن لەهزری ئێمەدا بێ وەلاّم ماونەتەوە. لەنێویشیاندا (ژیان‌و مەرگ) وەك دوالیزمیەکی هاودژ، کە یەکێکیان ماناکانی بون‌وژیان دەگەیەنێت، ئەوی تریشیان نەمان‌و سڕینەوەی یەکجارەکی. ئەگەرچی هەردوو بابەتی مەرگ‌وژیان هەمیشە وێنایەکی جێگیرو چەسپاویان هەیە ئەویش ئەودەلالەتە روحی‌و فیزیکیە یە کەهەیانە. بەلاّم لەنێوان مەرگ‌و ژیاندا مەودایەکی گەورە هەیەو بەردەوام لەململانێ دان. ململانێیەك کەمرۆڤ نمایشکەریەتی بەومانایەی خودی مرۆڤ دواجار دەبێتە لەنێوان مەرگ‌و ژیاندا ئارەزووی یەکێکیان دەکات. یا رونتر بلّێین روبەروی مەرگ دەبێتەوە و ژیان هەڵدەبژێرێت.

لەراستیدا لەدنیابینی هەموو مرۆڤەکاندا هەمیشە ئارەزوێکی سەیر بۆژیان هەیە. ئێمە هەمیشە دەمانەوێ تەمەنی نوحمان هەبێت‌وژیانمان بەهەموو ناخۆشیەکانیەوە لا، ئازیزترە لەمەرگ.بەدەگمەن مرۆڤێك دەبینین

ئارەزوی ئەوەی هەبێت بمرێتو ژیان جێبێڵێت. ئەم هاوکێشەیە ئەگەر بەشێکی بۆ مانا شاراوەکانی ئەودیو چەمکی مەرگو مردن بگەرێتەوە بەوپێیەی دنیایەکی شاراوەن ولەبەردەم چارەنووسێکی نادیاردایین بەمانا عەدەمیوفەلسەفیەکەی ئەوا بەدیوێکی تر پەیوەستبوونی مرۆڤ بەژیانەوە دەگەیەنێت کە ئەمیش هەر دەرەنجامی ئەو ترسەیە کەلەمەرگ هەیەتی.

مەرگ یەکێکە لەوبابەتانەی بەشێوەیەکی کاریگەر، رەنگدانەوەی لەدنیابینی شاعیرانمانوگوتاری شیعری کوردی بەگشتی هەیە. یەکێکە لەوسیما ئەدەبیانەی لەهەموقۆناغەکانی شیعری کوردی دەبینرێت. جیاوازیەکە تەنها لەوەدایە کەرەنگە لەدنیابینی هەمووشاعیرەکاندا یەك مەوداو پێناسەی نەبێت. بەلاّم لەئاستی گوتاردا لەشیعری هەموویان ئامادەگی هەیە. ئەوئامادە هەمیشەیەی مەرگ، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە وەك گەلێك بەردەوام مەحکومین بەمەرگ. هەلّومەرجی مێژوویيوکۆمەلایەتی ئێمە وەك نەتەوەیەك پڕ بوە لەمەرگدۆستیەت. ئەوندەی لەژێرسایەی هەرەشەی مەرگو مردن دابووینە ئەوەندە ژیان باوەشی بۆنەکردینەوە. ئەمەلەلایەك، لەلایەکی ترەوە مردن لەدنیابینی مرۆڤی کورد بەگشتیوشاعیرانی ئێمە بە تایبەتیدا هەمیشە فریادرەسێك بوە بۆ رزگاربوون.بەدەربرینێکی تر لەرێی پرۆسەی مەرگ وقوربانیدانەوە ئێمە دەتوانین ژیانێکی ئازادو سەربەخۆ بونیاد بنێین مەرگ تاکە هێزی گێرانەوەی ژیان دۆستیەت بووەبۆ ئێمە، لێرەوەش ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لەکۆی دنیابینی شاعیرانی ئێمەدا هەرگیزمەرگ ئەورەهەندە پڕ لەترسەی نەبوەی وەك ئەوەی لەچوارچێوە کۆمەلاّیەتیەکەدا هەیەتی. بەمانایەکی تر دەکرێ بلێین چەمکی مەرگ لە شیعردا رەهەندێکی سیاسی هەیە، وەك ئەوەی رەهەندێکی روحانيو فیزیکی هەبێت. لەشیعری کوردیدا مرۆڤەکان دەمرن بۆئەوەی ژیان جوانتر بکەنوبەردەوامی بەژیان بدەن لەکاتێکدا مەرگ بەدیوە کۆمەلاّیەتیەکەی کۆتای هێنانە بەژیانو سرینەوەی بوون لەچوارچێوەی دنیادا.



گوزارشت کردن لەماناکانی مردن لەدنیابینی شاعیرانوگوتاری شیعری کوردیدا، تەنها یەك پێناسەود یتن هەلّناگرێت بەلّکو هەریەکەو بەشێوازێکەوە روانیویەتیە مردن. بۆنموونە لەشیعری کلاسیکی کوردیدا هیچ شاعیرێك هێندەی(مەحوی)گوزارشتی لەمردن نەکردوە. شیعری مەحوی هێندەی گوزارشتە لەروحیانیەتو ترس لەمردنوگەرانەوە بۆدنیایی فانی، هێندە گوتارێك نیە بۆنمایشکردنی ماناکانی ژیان بەدیوە ژیاندۆستیەکەی. مردن لەشیعری ئەوشاعیرەدا تەواو رەهەندێکی روحانيو فیزیکی هەیە. مەرگێکە لەپێناو خودا، ئاین، ئاخیرەت، لەکاتێکدا لەشیعری نوێی کوردیدا بەتایبەتیش قۆناغی دەیەی هەفتاو هەشتاکان مردن مانایەکی سیاسی هەیە وەك لەوەی ئاینی. مەرگ لەو قۆناغە شیعریەدا پرۆسەیەك نیە بۆسرینەوەی بوون،بەمانا فیزیکیەکەی، بەلّکو هێزێکە بەردەوامی بەژیانمان دەدات بۆیەشە دەبینین شاعیرانمان سلّ ناکەنەوەو لەمەرگ ناترسنو بگرە بەپیریشیەوە دەچن. ئەوان بوونی خۆیان دەبەخشن لەپێناو بەردەوامیدان بەبوونی کەسانی تر، لەپێناو رزگارکردنی توخمێکی دیکەی ژیان کەئەویش خاكو نیشتمانە، چونکە شاعیر دەزانێ بێ نیشتمانی راستەقینەی مرۆڤەکان ژیان هیچماناو بەهایەکی نیە بۆئەوەی نیشتمانیش بونیاد بنێین، دەبێ قوربانی بدەین بەخوێنمان واتە مەرگ هەلّبژێرین.

بێگومان کەسەکان سروشتێکی کۆمەلاّیەتی سەیریان هەیەو بەردەوام حەزدەکەن بژینونەمرن. بەلاّم لەشیعری کوردی دەیەی هەفتاکانوهەشتاکانی سەدەی رابردووئێمە وێنەی مرۆڤێکی نەمرو ئاسنین دەبینین کەبەردەوام لەنێوان گەمەی مەرگوژیان دایەو رووبەروی مەرگ دەبێتەوە لەبری ئەوەی مردن ئەودەستەمۆ بکات، ئەو شکست بەمەرگ دەهێنێتوبێباکانە دوورلەهەموو ترسو دوودلّیەك رازیە بەمردن. چەمکی مەرگ لەوقۆناغە شیعریەدا بونیادێکی شۆرشگێريو سیاسی هەیە وەك لەوەی دەستەواژەیەك بێت بۆسرینەوەو نەمانی جەستەیی مرۆڤ لەپانتایی بوونو ژیاندا. لێرەوەش دەبینین لەو قۆناغە شیعریەدا هەرگیز مەرگومردن رەهەندێکی

مەرگدۆستانەیان نەدراوەتێ. واتە وێنەی مردن لەشیعردا وێنەیەك نیە پڕ لەترسو تۆقاندن لەوقۆناغەدا، بەڵكو وەك پێداویستیەكی سەردەم وهێزێك بۆنوێبوونەوەی ژیان پیشان دەدرێت. ئەگەر بەوردیش خوێنەوەیەك بۆشیعری كوردی بكەین لەدەقی شیعری زۆربەی شاعیران ئەوتایبەتمە ندیە دەبینین كەئەویش رووبەرووبونەوەی مردنو شكستهێنانە بەمەرگ لەرێی ئاماژەو دەربرینی شیعری نەك بەشێوەیەكی كردارەكی. چونكە ئەوەی لێرەدا ئە ركی بەرەنگاربونەوەی مەرگ دەبینێت زمانە نەك جەستە. چونكە لەئاستی فیزیكیدا جەستە فەنا دەبێت، وەلێ دواجار (زمانە) دەبێتە هێمایەك بۆبەزیندوو نیشاندانی بوون لەئاستی سیبمولیدا. بەدەربرینێكی تر بوونی مرۆڤ لێرەدا بوونێكە لەئاستی یادەوەری نەك جەستە، شیعر وێنەی مرۆڤێكمان بۆناكێشێت كەزیندووە بەڵكو وێنەی مرۆڤێكمان نیشان دەدات كەلەئاستی روحیدا لەدنیابینی ئێمە ئامادەیە. ئەگەرچی لەزۆركاتیشدا رەنگە لەئاستی جەستەیی وروحیشدا، ئامادەبێت واتە نووسینەوەی ئەوچەند چركانەی دەكەونە نێوان مەرگوژیانوخودی مرۆڤ تەنها لەبەردەم ئەوتاقیكردنەوەدایەو رێگای سێیەم بوونی نیە. ئەوچركە ساتانە نەك هەرسەختو دژوارو گوزارشت كردنیان ئەستەمە بەڵكو ئەوپەڕی ئازایەتی ولەخۆبردوییشی دەوێت بۆرووبەروبونەوەیان. ئێمە بۆ ئەوەی وێنەی ئەو ساتانە بكێشینو تیایدا بژین،دە بێ خۆمان ئە وكارەكتەرە بینولەو كەشەدا بژین.واتە ساتە كانی نێوان مەرگو ژیان دەنا مەحاڵە بتوانین لە قولای ئەوساتە مەرگهێنە بگەین كە كە سێكی تری تیایە.

دەقی شیعری (ژوری سێدارە) دیارترین ئەو دەقە شیعریەیە كە هە ڵگری ئەو گوتارەیە كە باسمان كرد واتە گوتاری ساتەكانی نێوان مەرگو ژیان. بە دەربرینێكی تر ئەو شیعرە مانفێستی كارە كتە رێكە كە لە بەردەم مە رگێكی حە تمی دایەو خودی ئەو مەرگەش بۆ كارە كتەرەكە سیمبولێك نیە بۆ لە ناوچوون بە ڵكو هێزێكە بۆبەردەوامی دانو جوانتركردنی ژیان.كارەكتەرەكە لەو دەقە شیعریەدا كە خودی شاعیر خۆیەتی بەمانا



جەستەییو فیزیكیە كەی دەمرێت، وەلێ لە ئاستی شوناسوسیمبولدا ئەو دواجار دەمێنێتەوە. بە دەربرینێكی تر لە بری ئەوەی مەرگ شاعیر لە ناو ببات،ئەوا خودی شاعیر شكست بە مەرگ دە هێنێتو روحی جاویدان دەبێت. لە راستیدا هیچ تێكستێكی شیعری هێندەی تێكستی (ژوری سێدارە) لە بە رامبەر مەرگدا خۆراگرو روحی یا خیبوونی تیادا بە رجە ستە نیە لە وشیعرەدا مە رگ هێزێك نیە بۆ لە ناوچوونوسرینەوە بە ڵكو هێزێكە بۆ بە ردە وامیدان بە بوون لە وقە سیدەیە دا بوونی ژیان بە بوونی مە رگەوە بە ندە،بە دەربرینێكی تر، جە ستەو رۆحی شاعیر لەو دە قەدا (دۆنادۆن) دەبێ لە گە ل جە ستە یەكی گەورەتر كە ئەویش خاكو نیشتمانە بوونی شاعیر لێرە دا بوونێكە لە ئاستێكی باڵاتر.بوون نو ێنە رایەتی خود ناكات بە قە دئەوەی نوێنەرایەتی نەتەوەدەكات شاعیر مانەوەی خاك و بە ردەوامی ژیانی كە سانی تر دە بە ستێتەوە بە مە رگی خۆی.بۆ ئەوەی نەتەوە بە گشتی بە ئازادیوسە ربەرزی بژیت دەبێ شاعیر مە رگ هە ڵبژێرێت، لێرەوەش خودی ئەو مەرگە هێندەی مانای شانازیبوونو سەر بە رزیە هێندە مانای ترسو دڵە راوكێ نیە شاعیردەڵێ:

**مە رگی ئاوا ناگۆرمەوە بەسەد ژین**
**ژینێك سەرم بۆ دوژمن بێ بە پە رژین**
**سەربەرزیە كە پێڵاوم ئە بینن**
**بەسەرسەری دوژمنەوە لە بەرزین**

پرۆسەی گۆرینەوەی ژیان بە مەرگ، پرۆسەی ئاڵوگۆركردنی دوودنیاو دووشێوە ژیانی كۆمە ڵایەتیوسایكۆلۆژی شاعیرە یان دە توانین بڵێین مرۆڤی كورد بە گشتیە لەوساتدا.ژیانێك كە دەبێ مرۆڤ یا زەلیلیو ریسواییوژێردە ستە یی قە بول بێت،یانیش دەبێت مەرگ هە ڵبژێرێت، بە مانایەكی تر لە نێوان ئازادیو ژێر دەستیدا دەبێ یە كێك هە ڵبژێریت،بۆیەشە شاعیر دواجار مە رگی بە لاوە پیرۆزترە لە ژێر دەستەیی،كاتێ دوور لە خوا ستو ئارەزووی خۆشی مەرگی بەسەردا دەسە پێنن، ئەوا لە دنیابینی ئەودا

مەرگ ئەو هێزە نیە کە هەڵگری شوناسی لە نێوبردنی مرۆڤە کانە بە ڵکو هێزێکە بۆ بەردەوامیدانو جوانترکردنی ژیان لای ئەو. کاتێ ناشتوانێ لەئاستی فیزیکیو جەستەییدا روبەروی ئەو مەرگە ببێتەوەو ململانێی بکات،ئیدی لە ئاستی روحیدا روبەروی مەرگ دە بێتەوەو زمان دەکاتە ئامرازی ئەو روبەروبونەوە یە لێرە وەش زمان لە پاڵ رۆڵە کۆ مە لآیە تیە کەی رۆلێکی دیکەی سیاسیش دە بینێ و دە بێتە قە ڵغانێك بۆ بە رگریکردن لە بوون. بە مانایەکی تر ئە گەر لە ئاستی فیزیکیدا جە ستە ئەو بوارەی نە بێت بە رەو رووی مردن ببێتەوەو لە بە رامبەر دوژمن بوە ستێت چونکە لە ( زیندان) دایە ئەوا زمان ئەو رۆڵە بە رگریکاریە دە بینێت ئە میش بە هۆی هە موو ئەو دەربرینە توندو ئاگرینانەی لە دوو توێی زمانی شیعرە کە دانە.دە ستە واژەکانی نێو ئەو شیعرە بەر لەوەی رەهەندێکی کۆمەلآیەتیان هەبێت،رەهەندێکی سیاسیان هە یە بەو دەربرینەی بەدەر لە مانا زمانەوانیە کانی خۆیان،هەڵگری ئیدیۆ مێکی تریشن،شا عیر دە لێ:

**سەربەرزیە کە پێلآوم ئە بینن**
**بە سەرسەری دوژمنەوە لە بەرزین**

شاعیر (سەر)ی دوژمن هاوتا دە کات بە پێلآوەکانی. لە ودە ربرینە شیعریە دا گوتارێکی توندو یاخیگە رانەی مرۆڤ بە رامبە ربە دوژمنە کانی دە بینین لێرەوەش ئەو رۆلە بە رگریکاریەی زمان بە دە ردە کە وێت کە ئاماژە مان پێدا،شاعیر دو ژمنە کانی هێندە بێنرخوبە ها دەکات تارادەی هاوتاکردنیان بە پێلاوەکانی وەك نزمترین ئاستی بە راوردکاری کە سە کان.بە دەربرینێکی تر پێلآوەکانی شاعیر هە زاران جار بە بە هاترن لە سەری بە ناو کە سانێك کە هە ڵگری بە ناو ناسنامەی مرۆڤن. پێلآو لێرەدا ئەو شوناسە کۆمە لآیە تیە سادەی نیە کە وەك پێویستیەکی رۆژانەی ژیانی مرۆڤە کان بە کار دە هێنرێت، بە لکو هێمایە کیشە بۆ ماندووبونو گوزارشتە لە هە نگاوو کاروان لە پێناو ئازادیدا،پێلآوەکانی شاعیر بۆیە لە سەری کە سانێکی تر بە رزترن، چونکە هی مرۆڤێکە هە ڵگری ناسنامەی



ئازادیوقوربانیدانە، ئەوە خودی شاعیرە ئەو بە ها رە مزیە دەداتە پێلآوەکانی بە وماناپەی باکی بە مردنو لە سێدارەدانیش نیە. بە بۆ چونی من ئەو شێوازەی گوزارشتکردن لە ناسنامەی دوژمنان،توندرین ئاستی نیشاندانی دوژمنانە لە شیعری (کوردی)دا کە من تا ئێستا وەك خو ێنە رێك لە کۆی گوتاری شیعری بە رگری کوردی دە یە کانی سەدەی رابردوو کەو تۆتە بەر چاوم،ئە مە لە لایەك لە لایە کی ترەوە گوتاری ئەو شیعرە دوالیزمیەتی(مەرگوژیانمان) نیشان دەدات،بەو مانایەی وێنەی مرۆڤێکی نە بەردو بە هێز دە بینین کە نەك هەر باکی بە مەرگ نیە،بە ڵکو روبەروشی دە بێتە وە،چونکە ئەو دواجار روحی جاویدان دە بێتو بوونی خۆی لە مەرگەوە دە بینێت، .

ئە گەرچی هە لۆ مەرجو دۆخی نێو زیندان،لە سەرەتادا بۆ شاعیر سە ختەو دە بخەنە بارێکی سایکۆلۆژی گرانو توشی جۆرێك لە نائومێدیو غە ریبی قول دە بێتەوە، بەو پێیە ی رووبە رووی شێوە ژیانێك دە بێتەوە کە پێی رانەهاتووە کە ئەو یش ژیانی زیندانو تە نهایە،چونکە شاعیر لە هە لومە رجێکی ئازاد روبە روی واقیعێکی تر دە بێتەوە کە پێچەوانەی ئا زادیبونە،بۆیە شە دەبینین سەرەتادەکەوێتە دۆخێکی وا کە جۆرێ لە رەشبینییو بە زینی پێوە دیارە ئەم هەستەش راستەوخۆ لە سەرەتای شیعرە کەوە دە بینین،بە دەربرینێکی تر سەرەتای ئەو شیعرە بە ریتمێکی پڕ لە حوزن دەست پێدەکات ریتمێك کەهەستی غەریبیو دابرانی پێوە دیارە،دیارە ئەمەش دەرەنجامی دورکەوتنەوەودابرانیەتی لە ئازیزانی،شا عیر دەڵێ:

برا دوورو خزم دوورو کە سم لێ دوور. . . .

بەو دە ربرینەوە شاعیریەکەم ساتی پێکدادانی خۆی لە گە ڵ زیندان،وێنا دەکاتو زیندانمان وەك شوێنی خۆی نیشاندەدات، سەرەتا خەمی دووری لە ئازیزانولە دەستدانی ئازادی وەك گەورەترین سە رمایەی مرۆڤ دەیخەنە هە لومەرجێکی دژوارووسەخت، چونکە ئە ستەمە مرۆڤ بتوانێت لە زیندان بە

وەهم (گەشبینی )بۆخۆی بونیاد بنێت بە تایبەتیش کە دڵنیابێ لەوەی کە رووبەروی مە رگێکی حەتمی دەبێتەوە بۆیە دەبینین، سەرەتابەنائومێدیوغەریبیەوە، وەسفی خۆیوژیانی نێوزیندانمان بۆدەکات، وەلێ دواتر کە بیرلەوەدەکاتەوەکەلەپێناوژیانێکی تروکێشەیەکی مەزنی تر کە ئەویش ئازادیە دەبێ مەرگی خۆی ببە خشێ، ئیدی باکی بەو ژیانە نیەوبە ورەیەکی پۆلاێینەوە روبەرووی جەلادەکانی نێوزیندان دەبێتەوە و مەرگ ناگۆرێتەوە بە سەد ژیان. ئەمجارەیان بە گیانێکی یاخیانەی ترەوەودێتەوە دەنگودەلێ:

**بە مەرگی پێش مەرگی ئێوە ئاسودەم**

**رووشم زەردی پێکە نینی هەر پێوە**

ئەستەمە لە ژیاندا، مرۆڤە کان بە گشتی ئەو تواناو روحە یاخیە یان تیابێت،کە لە سەر مەرگ، پێشبرکێیی یە کتری بکەن،بەو مانایەی مرۆڤە کان هە میشە ژیانیان بە لاوە جوانو خۆشە، بەلاّم لە هەلۆمەرجی سیاسیو کۆمەلاّیەتی دەیەکانی رابردوو، بە تایبەتیش (هەفتاکانو هەشتاکان) ئێمە وێنەی مرۆڤێکی تری جیا دەبینین کەنەك هەر لە مەرگ ناترسێ،بەڵکو هەڵیشی دەبژێرێ،کەشاعیرێ (ژوری سێدارە) یە کێکە لەو کە سانە.چونکە لەو کاتانەدا ئازادی بەنرخو بە هاترە لەگیانی مرۆڤەکان.کە مرۆڤ ئازاد نە بوو هەموو دنیاش هی ئەو بێت هیچ نرخو بە های نیە، کەواتە لێرەدا روحی مرۆڤ دۆنادۆن دە بێت لەگەڵ روحێکی گە ورەتر کە ئەویش روحی نەتەوایەتیە، جێگەی داخە لە ئێستادا ئەو هەستە پاكو نەتەوەییو نیشتمانیە نەك هەرکاڵ دەبێتەوە بەڵکو خەریکە ناشمێنێت.

لە بونیادی دەقی شیعری (ژوری سێدارە) دا،دوالیزمیەك هە یە کە ئەویش مەرگو ژیانە. بە دەربرینێکی تر ململانێیەك دە بینین کە ئە ویش ململانێیی نێوان، ئازادیو دیلی، ژێردەستیو سەربەخۆی، نەمریو دۆران، ژیانومەرگ، پێشمەرگەو خۆفرۆشە. هەردوو هێزێکە لە ململانێیەکی سە خت دانو هەریەکەیان مەبەستیەتی ئەوی تر ببەزێنێ.



لێرەوەش شاعیر کە سیمبولو ناسنامەیەکە بۆ(ئازادی)و (سەربەخۆیی)و نەمریو نەبەزین،لەبری هەموومان ئەو شەرەدەکاتو دەیەوێت نەمربێت. ناسنامەی شاعیر بەتەنیا لێرەدا ناسنامە کەسێك نیە کە زیندانیە،بە ڵکو شوناسی نەتەوەیەکی ژێردەستە بۆیەشە هەربەزینو دۆرانێکی شاعیر لەئاستی دوژمنانیدا دواجار مانای بەزینی نەتەوەییە، کەواتە بۆئەوەی شاعیر ئەو شوناسە بەنە مەریو بەرزی بهێڵتەوە دەبێ بەرگری بکاتو یاخی ببێت تاکوبوونی خۆیو لەویێشەوە بوونی هەموومان بسەڵمێنێت.ترسی شاعیر لەمەرگداو هەوڵدان بۆشکسهێنان بەمەرگو جاویدانبوونی روحی لە سۆنگەی ئەوە نیە کە شاعیر دوای چەند چرکەیەکی تر لە سێدارە دەدرێودەمرێ،بەڵکو ترسی ئەو لەوەدایە بێدەنگ بمرێتو هیچ شوناسێك دوای خۆی جێنە هێڵێت کە دواجار وەك ناسنامەیەك سیمبول بێت بۆنەتەوە بۆیە شە هەموو تێکۆشانوبەرگری شاعیر بۆ ئەمەیە،ئیدی ئەو باکی بەوە نیە کە دەمرێت یاخود نا،بە پێچەوانەوە لە بڕی ئەوەی مەرگ ئەو بسرێتەوە ئەو شکست بە مەرگ دەهێنێتو روحی بۆ هەتا هەتایێ بە نەمری لە نێو ئێمەدا دەمێنێتەوە!!!!

**تێبینی/ ئەو شیعرەی شە هید(مەلاعەلی) لە بنەرەتدا قەسیدەیەکی درێژە. بەلاّم ئێمە خوێنەوەمان بۆ چەند دێرێك لەو قە سیدەیە کردوە. بەداخەوە چەند هەوڵمدا دیوانەکەم بەدەست نەکەوت. ئەو چەند دێرەی بەنموونەش راڤە کراوەن،بە هۆی دەنگی زولاّی(حەمەجەزا)ی نەمر ئەزبەرم کردون!**

***تێبینی/ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژمارە(53)ی رۆژی 2011/2/9پاشکۆی رێگای ئەدەبوهونەر بلاّو کراوەتەوە. . . .**

## وشەو دەربرینەکان لە کۆ شیعری
## "شەڵاڵم بە عەتری ئێوارە"

(شەلاڵم بە عەتری ئێوارە)* کۆ شیعرێکە،بە زمانێکی سادەو رەوان بێ گرێوگۆل نووسراوەو لە هەندێك دەقدا زمان توانیویەتی وێنەی هونەری جوانومۆزیكو ریتمی شیعری جوان بەرهەم بێنێت. بە لاّم لە گەل ئەوەشدا لە هەندێك دەقی تر زمانی شیعرەکان تا رادەیەکی زۆر واقیعیانە بۆتەوەو نەیتوانیوە ئەو چێژە شیعریە دروست بکات کە ئێمەی خوێنەر لەکاتی خوێنەوەی هەر دە قێکدا بە دوایدا وێڵین. لە راستیدا ئەگەر پەیوەندی شیعر بە رەگەزەکانی دەوروبەرمانەوە پە یوەندیەکی هەمیشەیی بێتو بە شێوەیەك لەشێوەکان شیعر رەنگدانەوەی ئەو دۆخە سایکۆلۆژیو سۆسیۆلۆژیە بێت کە شاعیر تیایدا دەژیتو دەرەنجامی روانینی شاعیریانەی خۆی بێت بۆ دیاردەو رووداوەکان،ئەو بە دیوێکی تردا ئەو پەیوەندیە دەبێ سە رلە نوێ بەرجەستە بکرێتەوە بە مەبەستی بەرهەمهێنانی وێنەو شیعریەت لە دەقدا. دەنا هیچ جیاوازیەك نامێنێتەوە لە نێوان شیعرو ئەو کردارانەی رۆژانە دەیانکەین. بە دەربرینێکی تر هەر دیاردەو رووداوێك کە تەوزیف دەکرێتەوە لە شیعردەبێ ئەو رەهەندو چوارچێوە کرداریو ریالیزمیەی نەمێنێتو رەهەندێکی سیمبولگەرایی وەر بگرێت. چونکە ئەگەر بەو پێوەرە نەبێت ئێمە هەمووومان دەتوانین شیعر بنووسینو لە کاتێکدا بە پێچەوانەوەیە. من تائێستا نەمتوانیوە تەنانەت یەك دێر شیعریش بنووسم. بۆیە گەر سەرنج بدەین دەبینین لەو کۆ شیعرەداو لە هەندێك دەق زمان تارادەیەکی زیاد لە پێویست واقیعی بۆتەوەوبە داخەوە ئەمەش چێژی شیعریەت دەکوژێ لای خوێنەر تەنانەت لە هەندێك شیعردا



شاعیر راستەو خۆ بە بێ هیچ تەوزیف کردنەوەیەكومەدلولاتێکی تر ناوی شوێنو کەسو بابەتەکان دێنێت کە ئەمە بۆ چیرۆكو رۆمان رەنگە شیاوبێت بە وپێیەی زمان لەو رەگەزانەدا زمانێکی (گێرانەوەو تۆمارکردنە) بەلاّم بۆشیعر هەرتەنیا ئاماژەکردن نییە بە ڵکو شیعریەتوریتمیشە.بۆنموونە شاعیر دەڵێ:

**عەیامێکە ئارەزووی سەفەر دەکەم**
**ئیتر با بۆشوێنێکی نزیکیش بێت**
**بۆئەو دیو حەوشەی ماڵەکەشمان**
**بابۆ بەردەم دوکانی(بە هرام)یش بێت(لا87)**

ئەگەر سەرنج لەو کۆپڵە شیعریە بدەین دەبینین شاعیر وێنەی بە شێکی بچوك لەو ژیانە جەنجاڵەی ئەمرۆی خۆی دەکێشێت،کەنەك تەنیا ئەو،بەڵکو ئێمە هەمووومان گیرۆدەی ئەو وەرسیو ماندووبونەی ژیانی ئەمرۆمانینوهەموو رۆژ بۆ ئێمە یادەوەریەکی تاڵە. کەواتە جیاوازی شیعر لێرەدا لەگەڵ ئەو کردارانەی ئێمە رۆژانە رووبەرووی دەبینەوە ئەوەیە،کە شیعر دروست وەکو خۆی هەمان ئەو وێنە ریالیزمیە بە رجەستەناکاتەوە لەدەق وەك ئەوەی کە هەیە.بە ڵکو مەدلولاتی دیکەی شیعری پێ دەبەخشێ. بەو هۆیەشەو شیعریەتو وێنەی هونەری دێتە ئاراوە. کە چی زمان لەو کۆپڵە شیعریەی شاعیردا تا ئەو رادەیە واقیعی بۆتەوە کە ئێمەی خوێنەر دەزانین باسی چی دەکاتو تەنانەت ئاماژە بۆ شوێنو ناوی کەسەکانیش دەکات. کە هاورێیەکی شاعیرەو لە نزیك ماڵی ئەو دوکانێکی هەیە.

شیعرەکانی دوو توێی ئەو بەرهەمە شیعریە دەتوانم بڵێم رەنگدانەوەی سەفەری ژیانی شاعیرەوە نووسینەوەی یادەوەریەکانیەتی لە سەردەمی منداڵیەوە تائێستا. بە یادەوەریە جوانوناشرینەکانیشەوە.بەشێك لە وشیعرانە لە فەزایەکدا یەکدەگرنەوە ئەویش چەمکی غەریبیو ئەو بە یەکدادانە سایکۆلۆژیەیە کە مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە لە گەڵ مۆدێلی

کۆمەلاّیەتی ئێستای ژیان هەیانە. بۆیەشە دەبینین وەك چۆن کۆی گوتاری شیعری کوردی لەمرۆدا هەلّگری پەیامێکی تەژی لە نائومێدیە،بەهەمان شێوە شیعرەکانی ئەو بەرهەمەش بەدەر نین لەو دنیابینیە. بۆیەشە لەهەندێ ساتدا لە دەربرینە شیعریەکان تارادەیەکی وا هەست بە نائومێدی شاعیر دەکەین،کە تیایدا تەواو نائومێدی و غەریبی لێ دەتکێ‌وتاسەی گەرانەوە بۆسەردەمێك دەخوازێت کە گەورەبوون وەك گەورەترین نەهامەتی ژیانی مرۆڤەکان رووی تێ نەکردبوو. چونکە دواجار ئەو گەورەبوونەیە سەرچاوەی گشت مەرگەساتەکان بەو پێیەی درك کردن‌و بیرکردنەوە دێنێتە ئاراوە لە بەرامبەر بوون‌و ژیاندا بە پێچەوانەی زەمەنی مندالّی کەزەمەنی بە رائەتە بۆیە شاعیر دەلّێ:

**من دەمێکە ئارامیم لێ هەلّگیراوە. . . .**

یاخود دەلّێ:

**کۆلاّنی مندالّیم پرە لە گەمەو گالّتەو گەپ**

ئەمەش وەك ئاماژەیەکە بۆ هاوتا کردنی دوو زەمەنی جیاو دژ بە یەك کە مندالّیەتی‌وگەورەبوونە،ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە ئێمە کاتێ ئەو کۆپلّە شیعریە دەخوێنینەوە لە دەرەنجامی پرۆسە ی خوێنەوەو فۆنەتیککردنی دەنگ‌ووێنە شیعریەکان، هەست بەوە دەکەین کە حوزنێکی گەورە ناخی شاعیری گرتۆتەوەو ئارەزووی مندالّبوونەوە دەکات،وەك تاکە رێگەی دەربازبوون لەو ژیان بێ مانایەی ئەمرۆ، هاوکات شاعیر بە سکالاّوە دەروانێتە ژیانی ئێستای، وەك ئەوەی خالّیە لە هەموو شادومانی‌و بەختەوەریەك، بە بەراوردك لە گەلّ دوێنێ. چونکە جۆرێك لە گازاندەکردن لە هەمبەر ژیانی ئێستای دەردەبرێت. تەنانەت نەك هەر ئەمە بە لّکو بەتوندیش هەموو ئەو دیاردەو توخم‌ودەرکەوتە نوێیانەی ئەمرۆش کە دەرەنجامی مۆدێرنەو گلۆبالیزمن‌و ئالّۆزبوونی ژیانی مرۆڤەکان‌ونامۆبوونی



روحی کە سەکانی لێکەوتۆتەوە،رەتدەکاتەوەو گەرکیەتی ئەوانەی پێشوو بێنێتەو یاد خۆی وەك ئەوەی شاعیر دەلّێ:

**ئێوارەی سادەبیت باش ئەی یار. .**
**ئێوارەی کلدان‌وهەوری**
**شانەی داری شۆرە کچێك**
**کە هێشتاکە سیشوارو مسکارو**
**شامپۆ نابەلەدە. . .**

هەموو ئەو دیاردانەی شاعیر لە وکۆپلّە شیعریە جوانەدا،ئاماژەی پێداون بە رهەمی ئەو مۆدێرنەو ژیانە نوێیەی ئەمرۆمانە.کەچی شاعیر سادەیی‌و ساکاری ژیانی دوێنێی کچانی ئێمەی بە لاوە جوانتر بوە لەوەی ئەمرۆ هەیە.ئەو گەرانەوەیەی شاعیر بۆ دوێنێ‌و نیشاندانی وێنەی راستەقینەی مرۆڤەکان بەبێ ئەو شێواندنەی ئەمرۆ دەیبینین.دەرخستنی ئەو دیو گوتارە نەبینراوەی مۆدێرنەیە کە هەموومان لامان وابوو فریادرە سێکە بۆمان‌و لە ژیانی دۆگمای دوێنێ رزگارمان دەکات‌و بە هەشتێکمان بۆ بونیاد دەنێت کە چی بە پێچەوانە کەوتەوە. ئەمەش وا لە شاعیر دەکات کە جوانی راستەقینەی یارەکان لە(کلدان)و(هەوری) ببینێت لە جیاتی سیشوارشامپۆ. شاعیر دەیەوێت بە ئێمە بلێت کە جوانی راستەقینەو پاکی کۆی دیاردەکانی ژیان تا ئەو ئاستە بوو کە دەستی بێ ئامانی تەکنەلۆژیا نە یشێوانبوون،لەراستیدا شاعیر نەك هەر ئەمە بە لّکو کۆی ماناکانی ژیان لە دوێنێدا دەبینێت‌ولە بەرامبەر ژیانی ئێستا غەریبی‌و نائومێدیەکی گەورە رووی تێکردوە بە رادەیەك ئومێدێك شك نابات بۆ دەربازبوون هەروەك دەلّێ :

**پڕم لەوەرسی**
**برستی مانەوەم لێبراوە**
**مانەوە لە ناو زۆنگاوێك کلاّوە رۆژنەیەك شك نابەیت**
**وشکی بکاتەوە**

شایەنی ئاماژەکردنە ئەو تایبەتمەندیە کە غەریبیو نائومێدیە بە کۆی گوتاری شیعری کوردیەوە دەبینرێت لە واقیعی ئەمرۆدا.

هەڵبە تە ئێمە لە سەرەتادا ئاماژەمان بەوەدا کە وشە لە تێکستی شیعریدا رەهەندێکی مەجازی هەیەو دەربرینە زمانەوانیەکان مەرج نییە بەهەمان ئەو فۆرمە بێت کە لە چوارچێوەی ئاسایی زمانەوانی دەبینرێت. بۆنموونە ئەگەر وشەی(چیا) وەربگرین دەبینین هێمایە بۆ خودی چیاو شاخ بەلاّم هەمان ئەو وشەیە لە گوتاری شیعری مانایەکی تر وەردەگرێت،کە تیایدا هێمایە بۆ (نەبەزین)و (خۆراگری)و (هەڵنەکەندن)و (رووبەرووبونەوە) (سروشت). . . تد. کەواتە دەکرێت لە شیعردا زیا لە واتاو مانایەك بدرێتە پاڵ وشە. بەلاّم نابێت بە وهۆیەوە شاعیر هەوڵی بەرجەستەکردنی وێنەیەکی شیعری ناوازەبدات،بە پاساوی ئەوی زمانێکی سیمبولگەرایی لە دەقدا بونیاد دەنێت. بەو هۆیەشەو شیعریەت لە دەقدا ونبکاتو وێنەیەکی هەڵگەراوە بە رجەستە بکات. بۆنموونە (بەرد) تایبەتمەندیەکی هەیە کە رە قە کەواتە نابیّ بە ناوی شیعرەوە بڵێین( وەك بەرد نەرم بوو) یانیش بلێین وەك رۆژ تاریك بوو. لە راستیدا ئەگەر بە شێوەیەکی ورد بروانینە بەرهەمی شیعری کوردی لەمرۆدا بە تایبەتیش شیعری گەنجانو لاوانو ئەو نەوەیەی بە شێوەیەکی بەرفراوان شیعر دەنووسن رەنگە نموونەی سە یری لە وشێوەیە زۆرببینین. کە هەندێکیان هیچ واتاو مانایەك ناگەیەنن. بە لّکو ناونراون شیعرو تەواو. بۆیە دەبیّ شاعیر هەوڵبدات وێنە شیعریەکان بە شێوەیەك بەرجەستە بکات کە لە لایەکەوە شیعریەت بەرهەم بهێنێتو لە لایەکی تریشەوە ئاماژەو ماناکان ون نەکات. لەلایەکی ترەوە شاعیر دەبێت لە پرۆسەی شیعر نووسیندا وردەکاریوسەلیقەییو تێروانینێکی وردبینانەی هەبێت بۆ هەموو دیاردەو کردارو رووداوەکانی دەورووبەرو،بۆ ئەوەی کاتیّ لەشیعردا بەرجەستەیان دەکات تووشی لادانی زمانەوانی نەبێت. لێرەد ئێمە ئاماژە بە چەند نموونەیەکی بچوك دەکەین لە کۆشیعری( شەلاّڵم بە عەتری ئێوارە) کە بە بۆچوونی ئێمە وەك خوێنەرێك لەرووی دەربرینو ئاماژەوە



لەنگیەکیان پێوەدیارەو دەکرا شاعیر وردتر لەسەر ئەو وێنە شیعریانە بوەستایە. بۆ نموونە:

***شاعیر دەڵیّ(دەنگی ترپەی پیّ لا19) لەراستیدا بۆ دەنگی پیّ (چرپە) بەکاردێتو ترپە تەنها بۆ لێدانی دڵە. .**

***شاعیر دەڵیّ (ژنە قەرەجێك ناو لەپی خوێندمەوە لا19) بێگومان ئەوانەی فاڵ دەگرنەوەو ناو لەپ دەخوێننەوە،مرۆڤی ئاسایی نین بەڵکو (فاڵچین) کەواتە شیاوتربوو بڵیّ (ژنە فاڵچیەك یان قاوە گرەوەیەك).**

***شاعیر دەڵیّ(رادەپسکیّو خۆی نادات بە دەممەوە لا20) مادام کردارەکە راپسکانێیە کەواتە دەبیّ بڵێت خۆی نادات بە دەستمەوە.**

***شاعیر دەڵیّ( دەنکە زەنگیانەی یادەوەریەکانمان کۆدەکەینەوە لا31) لە راستیدا بۆ دەنك ( خڕکردنەوە) بە کاردێت چونکە کردارێکی تاکیە لە بری کۆکردنەوە کە ئاماژەیە بۆ کردارێکی گەورەتر.**

***شاعیر دەڵیّ(میلی تەمەنمان دەبەینەوە دواوە لا33) بێگومان ئێمە دەڵێین میلی تەمەنمان ( دەگێرینەوە) دواوە. چونکە مەبەست لە میل میلی کاتژمێرە.**

***شاعیر دەڵیّ(رەیحانەی بەر بسکی کچێك لا35) بە بۆچوونی من جوانتر بوو بڵێت (ژێر بسك) چونکە بەر زۆرتر بۆ ئامێزو بەرۆك بەکاردێت.**

***شاعیر دەڵیّ (جانتای نیگەرانیە کانم دەپێچمەوە لا41) لە راستیدا ئەوەی دەپێچرێت هەگبەیە نەك جانتا.دەبیّ بڵێت (جانتای نیگەرانیەکانم هەڵدەگرم). .**

*شاعیر دەڵێ(چاڵی زەردەپەرێکی تر دێتەوە رێم لا45) بە بۆچوونی من جوانترە بڵێت دەکە وێتەوە رێم. .

*شاعیر دەڵێ( ئەویش هاتو بە رەنگی خۆی دامی پۆشی لا45) دامی پۆشی مۆزیکی نییە،داپۆشیم مۆزیکی ترە. ئەمە لە لایەك،لە لایەکی ترەوە مادام کردارەکە (رەنگ کردنە) کەواتە دەبێ بڵێت ( رەنگی کردم) چونکە داپۆشین شتی تریش دەگرێتەوە.بۆنموونە بە چە ترێك دامپۆشە. . . .

*شاعیردەڵێ(خەیاڵی رنینەوەی رەزی ترێ دەستی گرتم لا 47) بێگومان بۆ (ترێ) لێکردنەوە بە کار دێت، نەك ( رنینەوە) چونکە ئەمە بۆ قەزوانو بەروبوومی ترە.

*شاعیر دەڵێ(رێگایەکیش نۆشم دەکات لا49) بێگومان شیاوترە بڵێت ونم دەکات نەك نۆشم دەکات.

*شاعیر دەڵێ(پرە لەوردە شوشەی رژاوی پەنجەرە 53) بێگومان بۆ شوشە شکان بەکاردێت لە بری رژاو.

*شاعیر دەڵێ( هاورێوبرادەر لا54) هەردووکیان هاوواتان کەواتە یە کێکیان زیادە. .

*شاعیر دەڵێ ( سەرنجی ئەو بێچوانە دەدەم هێلانەیان پر کردوە لە قسەو جریوەیان دێ لا57) هەڵبەتە هەموو بێچوێك جریوە ناکات،کەواتە دەبێ بڵێت سەرنجی ئەو بێچوە مەلانە دەدەم.



شاعیر دەڵێ ( لە عەسراندا بە دەم خواحافیزی هەتاو لا63) بێگومان خۆر لە مەغریبدا ئاوا دەبێت نەك عەسر.
شاعیر دەڵێ(کەناری جۆگەیەك کۆمان کاتەوە لا67) بۆجۆگە رۆخ یان قەراغ بە کاردێت،کەنار زیاتر بۆدەریایە.

*شاعیر دەڵێ( ئارەزووم لە قاوەیەکی تاڵە لا77) سیفەتی تاڵ زیادەیە چونکە قاوە بە خۆی تاڵە.جێگە ئاماژەدانە چەندین شاعیری تریش بەهەمان شێوە دەنووسن.

*شاعیر دەڵێ ( وردورد بمشۆ لا77) ئێمە هەرگیز ناڵێین ورد ورد بمشۆ،بە ڵکو دەڵێین ( جوان جوان بمشۆ یان بیشۆ).

*شاعیردەڵێ (باوەشی رانە هەورێکی تەریو لا94) بە بۆچوونی من لە بری رانە هەور شیاوتر بوو بڵێ پەلە هەور.

*شاعیردەلێ(تنۆکێك ئاوی پشتی پیاوێکی نورانی بووموورژامە رە حمی ژنێكو لە کۆشی ئەو دا کەوتمە خوار لا100) بێگومان مادام تنۆکە ئاوێك بوەو چۆتە نێو رەحمی ژنێك،کەواتە دەبێ بڵێت لە دامێنی ئەو کەوتمە خوار چونکە باوەشو دامێن جیان لە یەکتری.

*شاعیر دەلێ( هەگبەی سەفەر دەکەمە شان لا18) لە راستید جانتا دەکرێتە شانو هەگبە دەکرێتە کۆڵ یان پشت. . .

*شاعیر دەلێ (شەیتانێکی شەڕانی) ئاوەڵناوی شەڕانی زیادە،چونکە شە یتان بۆ خۆی هێمایە بۆ ئاشوبوشەڕوتێکدان.

***شاعیردەڵێ(مەلی قەرەجیم باڵ بگرێو تا ئەو دیوی سنووری نامۆیی بڕۆم) مادام کارەکە پەیوەندی بە باڵ گرتنەوە هەیە،کەواتە دەبێ بلێت (بفڕم) نەك بڕۆم. چونکە ڕۆیشتن کرداری تریش دەگرێتەوە.**

بێگومان ئەمانە چەند سەرنجێك بوون کە ئێمە وەك خوێنەر تێبینیمان کرد لە شیعرەکان. وێرای ئەمەش لە چەندین شوێن شاعیر وشەی عەرەبی بە کارهێناوە کە ئێمە هاوواتای ئەوانەمان لەزمانی کوردی هەیە بۆنموونە وەك( ئەسەف _حوزن_نور_یەئس_ لەعنەت_. . . تد) هاوکات چەند وشەیەکیشی زیاد لە جارێك دووبارەکردۆتەوە لە شیعرەکاندا وەك(سورباو_نارنجی_ئێواران_مەراق_تەنیایی_ خۆر_زەردەپەڕ_چاوەرێ _ عەتر_شیلە_خەون_ هەنیە_. . . . تد) کە پێویست نەبوون.لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ شاعیر دەخوازم بەو هیوایەی لە داهاتوودا بتوانم بە درێژی بێمەوە سەر شیعرەکان. . . .

**تێبینی/ شەلاڵم بە عەتری ئێوارە بەرهەمێکی شیعری(نوری بێخاڵی)یە.**

***لەژمارەی ڕۆژی 2011/3/15ی ڕۆژنامەی رووبەر بلاوکراوەتەوە. . . . .**

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

## کۆی زنجیرە کتێبی چاپکراو (116)
## بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما 2010-2011

| ژ | ناوی کتێب | نوسەر یان وەرگێڕ |
|---|---|---|
| 1 | جیهان لەدیدی کۆشنێر | و: شێرزاد هەینی |
| 2 | 1900 تێپەڕیوە | ئیسماعیل کوردە |
| 3 | کوردو ئەرمەن | و: خالید هەرکی |
| 4 | هەڵچونێك لە ئاوێنەدا | زرار سەرتاش |
| 5 | وێنەکانی لەبەر باران ونکردووە! | ئیسماعیل کوردە |
| 6 | ڕەخنەی پراکتیکی | د. ئەبوبەکر خۆشناو |



| | | |
|---|---|---|
| 7 | گۆڵەستێرەکان کوژانەوە/3 | کەریم کاکە |
| 8 | باهیرە | و: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل |
| 9 | کوردستان لەسیاسەتی هەرێمایەتیدا | د. کامەران مەنتك |
| 10 | ژن لەجیهانی ئەدەبی شێرزاد حەسەندا | هاوژین حەمەرەشید |
| 11 | لەناو گێژاوی سیاسەتدا | ئیسماعیل کوردە |
| 12 | فەرهەنگی مەلیخا | ئومێد شیرکۆ شاکر مجروم |
| 13 | ماچی یەکەم | کەریم کاکە |
| 14 | کوردەکان | و: ئارام ئەمین شوانی |
| 15 | کوردستانو کوردەکان | و: خالد هەرکی |
| 16 | بروسکەی شوم | محەمەد کەریم نانەوا |
| 17 | گۆڕەپانی واشنتۆن | زیڤار قاسم |
| 18 | ڤاچێك بۆ شمشاڵ | قاسم شێروانی |
| ***19*** | میوانی ئاو | عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلاێ |
| 20 | سومای دۆلفینەکان | د. ئەرسەلان بایز |
| 21 | گۆڤاری زاری کرمانجی | شادمان مەلا حەسەن |
| 22 | درەختی خامۆشی | کەریم دەشتی |
| 23 | درەختی درەوشانەوە | کەریم دەشتی |
| 24 | سێبەری خۆتم لێ حەرام مەکە | حەمە عەباس |
| 25 | زمانو شێوەزارەکان | سەدیق سەعید |
| 26 | ڕواندز لە لاپەرەکانی مێژوودا | ئومێد شێرکۆ مەجروم |
| 27 | مرۆڤیکی تر | د. موحسن ئەحمەد عومەر |
| 28 | حزبی سیاسی | ئارام ئەمین شوانی |
| 29 | کازیوە ژنەکەی ناو فێسبوك | شێرزاد هەینی |
| 30 | دیوارەکان قسە ناکەم | د. ئەبوبەکر خۆشناو |
| 31 | درەختی کەتناوە | کەریم کاکە |
| 32 | کۆمەڵگای سەربازی | ستار باقی کەریم |
| 33 | لەگەڵ شانۆدا | کامەران حاجی ئەلیاس |
| 34 | زمانو زمەماندی ناوەکان | هاشم سەراج |
| 35 | ڕوانینێك لەپەنجەرەی شیعرەوە | سەدیق سەعید ڕواندزی |
| 36 | سێبەری وشە | سەدیق سەعید ڕواندزی |